بۆپێشەوە پێی نایە ساڵی حەوتەمەوە...

بەو بۆنەیەوە ژمارەیەک لە نووسەر و خوێنەرانی سەرنج و ڕوانینی خۆیان دەخەنە ڕوو... ل 11-12-13

بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی حەوتەم ژمارە (141) بەرواری 1–4–2023 | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە | مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


## وتەی ژمارە

# کۆتایی یەکجاری ئابوری سەربەخۆ و ئایندەی سیاسی کوردستان...

عەبدوڵا مەحمود

بڕیاری دادگای فەرەنسا بەسودی عێراق لە بەرامبەر بە تورکیادا، بەر لەوەی تورکیای لە دۆسیەیەکی یاساییدا شکست دابێت، بۆرژوازی کوردو دەسەڵاتەکەی ڕووبەڕووی شکست و ناکامیەکی گەورە کردووە.

ئەو بڕیارەی دادگای فەرەنسا، بە وێنەی هەنگاوێکی تر بۆ سنوردارکردنی دەسەڵاتی سیاسی هەرێم لە عێراق و بەسەر هەرێمی کوردستاندا، لە درێژەی ئەو هەنگاوانەدایە کە بەدوای شکستی سەربازی داعش لە عیراق و ناوچەکەدایە، ڕوودەدەن.



کورتکردنەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بەسەر جغرافیایەکی بەریندا لە کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکان، دەرهێنانی زۆرێک لە کێڵگە نەوتیەکان لە دەست هێزەکانیان، بڕیاری بەنایاسایی ناساندنی فرۆشتنی نەوت و غاز لەلایەن هەرێمەوە، هەنگاوی بەکردەوەی بەغدا بۆ کۆنترۆلکردنی سنورەکان بەپاساوی پاراستنی ئەمنیەت، چاودێری دەروازە سنورییەکان، فرۆکەخانەکان...تا ڕادەی هێنانەگۆری باسی هەمواری دەستور، ئەو ویستگە یەک لەدوای یەکانەن کە بەشێوەی زنجیرەیی بەدوای یەک دا هاتوون و بۆرژوای کوردی توشی سەرلێشێواوی و پەرت بوونی ریزەکانی و بی ئاسۆیی کردووە.

لەگەڵ ئەوەدا دەمێکە دەسەڵاتی بەغدا گوشارەکانی بە ڕێگای جۆراوجۆر بۆسەر هەرێم دەست پێکردووە، بەتایبەتی لە دۆسیەی نەوت وغازدا، بەڵام دەسەڵاتی سیاسی هەرێم ئامادەی مل دان بە بریارەکانی ناوەند نەدەبوو، وە سور بوولەسەر ئەوەی پرسی نەوت هێندەی بکرێت لەدەستی خۆیدا بمێنێتەوە... بە واتایەکی تر لەگەڵ ئەوەدا دەسەلاتی سیاسی هەرێم دەمێکە رووی قیبلەی بەرەو بەغدا وەرگێراوە و شکستی ئابوری سەربەخۆی راگەیاندووە، بەڵام بەرگرییەکی سەختی دەکرد تا پرسی نەوت و غاز لەدەستی خۆیدا بهێڵێتەوە. هێشتنەوەی پرسی نەوت و گرنگی ئەم پرسە بۆ دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد، لە بەها ئابوریەکەیدا نەبوو، بەڵکو

بۆ لاپەڕە 2

# حکومەتی کارتۆنی و ڕاپۆرتی ڕەزیل...




Kurdish military officers take part in a graduation ceremony in Erbil, the capital of Iraq's Kurdistan Region, on Jan. 15. SAFIN HAMED/AFP VIA

گۆڤاری فۆڕن پۆڵەسی ئەمریکی لەم ڕۆژانەدا ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە دۆخی هەرێمی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، کە تیادا ئاماژە بە جیاوازی چینایەتی و نەبوونی هەلی کار، پیشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین، شەپۆلی کۆچی خەڵکی بەدوای ژیانی باشتر، زاڵبوونی دەسەڵاتی حزبی لەجێگای دەسەڵاتی حکومی و باڵادەستی حزب بەسەر هێزی پیشمەرگە و ئاسایش و پۆلیس و دژە تیرۆر و...تاد، دەکات.

بۆ لاپەڕە 3

# فەرەنسا دەنگی کۆمۆنارەکان دەبیسترێت...

جارێکی تر بەشێکی بەرین لە چینی کرێکار و کارمەندانی فەرەنسا، ڕژاونەتەوە سەر شەقامی شارەکان و دەستیان داوەتە خۆپیشاندان و مانگرتن و کۆبونەوە. شەپۆلی ئەمجارەی هاتنە مەیدانی ملیۆنی جەماوەری لە فەرەنسا بەدژی بریاری چاکسازی حکومەتە!! کە دەیەوێت تەمەنی خانەنشینی لە ٦٢ ساڵەوە بکات بە ٦٤ ساڵ، بەڵام کرێکاران و جەماوەری فەرەنسا، وەکو بەشێکی پیشرەو لە چینی کرێکاریی جیهانی، بەدژی ئەم بڕیارە وەستاونەتەوە و بەڵێنی بەردەوامی نارەزایەتیەکانیان داوە، تا دەوڵەت دەست لەو هەوڵ و سیاسەتە دژە کرێکارییەی بەردەدات. دیارە بەجیا لەبڕیاری



بۆ لاپەڕە 3

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

- جەنگی چینایەتی لە فەرەنسا!..........ل4
- تاهیر حاجی حەسەن وەڵامی پرسی ڕۆژ دەداتەوە..........ل5
- بۆچی ژنانی کرێکار لەڕیزی پێشەوەی نارەزایەتیەکاندان لە..........ل6
- کۆمۆنەی پاریس، یەکەم حکومەتی کرێکاری لە جیهاندا..........ل6
- هودا پارتی لە نێوان برای دینی و برای خوێنیدا..........ل7
- نارەزایەتی بزوتنەوەی کرێکاری فەرەنسا..........ل9
- بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری..........ل10

# دۆسیەی ژمارە "ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"



## هاوڕێ عیرفان کەریم وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەی داوەتەوە...ل 14_15

گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8 | پرسی ژن ل7 | پرسی ڕۆژ ل5

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# درێژەی وتەی ژمارە

لە بەها سیاسیەکەدا بوو. پرسی نەوت و غاز ئەگەر لە دنیادا زۆرتر وەکو پرس و مەسەلەیەکی ئابوری و سەرچاوەیەکی گرنگی سامان تەماشا بکرێت، ئەوا پرسی نەوت و غاز لە ململانێی بەغداو هەولێردا، بەتەواوەتی ببووە پرسێکی سیاسی و لێکگرێدراو بە قەڵەمرەوی سیاسیەوە. هەر ئەو هۆیەش بوو وای کردبوو لەگەڵ ئەوەدا ئابوری سەربەخۆ شکستی خۆی راگەیاندبوو، بەڵام دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەرگرییەکی سەختی دەکرد و بەردەوام بوو لە فرۆشتنی نەوت و مل نەدانی یەکجاری بە بەغدا...

یەکلایی بونەوەی دۆسیەی فرۆشی نەوت لەدادگای فەرەنسا بە سودی دەوڵەتی عێراق لەبەرامبەر بە تورکیادا، بەکردەوە ئەو بەرگریەی سەختەی بۆرژوازی کوردی تێکشکاند کە ئامادەی دەستبەردار بوون لە فرۆشتنی نەوت نەدەبوو بەپێی ویستی عێراق و لەڕێگای سۆمۆوە، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە بەتەواوەتی ئابوری سەربەخۆ لەبەرامبەر بەغدادا بەتەواوەتی کۆتایی پێهات، ئەوەش یەکەمین لێکەوتەی ئەوەیە کە بۆرژوازی کورد ناچارە هێندەی تر بچیتە ژێر هەیمەنە سیاسی و ئابوری و دەسەڵاتی ناوەند و مل بە خواستەکانیان بدات...

بۆ تورکیاش بەجیا لەوەی دۆسیەی نەوت و کڕینی نەوتی بە نرخی هەرزان بەپێی بڕیاری دادگا لە هەرێم لێ دەسەنرێتەوە، بەڵام ئەمە لە دیدی سیاسی دەوڵەتی تورکیادا لەگەڵ ئەوەدا زیانی ئابوری دەبێت، بەڵام لە باری سیاسیەوە سودمەند خۆی دەبینێ. بۆ دەوڵەتی تورکیا هەر پاشەکشەیەک بە قەڵەمرەوی و توانایی ناسیونالیزمی کورد، بە سودی خۆی دەبینێت، کە بەهاکەی زۆر زیاتر لە بەهای قازانجە لە بواری کڕینی نەوتدا.

شکستی تەواوەتی ئابوری سەربەخۆ و کۆتاییهێنان بە هەیمەنەی بۆرژوازی کورد بەسەر دۆسیەی نەوتدا، تەنها شکستێک نییە لە بەرامبەر بە بەغداد، بەڵکو هاوکات پاشەکشەیەکە بەسەر هەیمەنەی بەسەر خەڵکی کوردستانیشدا.

لەبەرامبەر بەو مەوقعیەتە تازەیەی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی رووبەڕووی بوونەتەوە بەشێک لە خەڵکی کوردستان، و تەنانەت حزبی سیاسی خۆشحاڵی دەردەبڕن... هۆکاری ئەوەش ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان نەک سودمەند لە فرۆشتنی نەوت نەبوون، بەڵکو لەلایەکەوە بەدەست نەبوونی نەوت و سوتەمەنیەوە نالاندویانە و لەلایەکی تریشەوە خراونەتە ژێر قەرزێکی قورسی دەیان ملیار دۆلارییەوە. بۆیە خەڵکی کوردستان هیچ نیگەرانی ئەوە نین نەوت لەدەستی هەرێمەوە دەربێت و بچێتە دەسی بەغداوە. دیارە ئەوە راستی تیاییە ئەگەر نەوت و سامانی سروشتی هیچ خێرێکی بۆ هاولاتیان نەبێت، نیگەرانی ئەوەش نابن کێ لە عێراقدا ئەو دۆسیەی بەدەستەوەیە، بەڵام ململانێی بەغدا و هەرێم تەنها لەسەر پرسی نەوت و غاز نییە، بەڵکو پرسی نەوت و غاز، دۆسیە و کارت و چەکی بەرامبەرکێییەی سیاسییە لەنیوان بۆرژوازی کورد و بۆرژوازی عەرەبدا، و خەڵکی کوردستانیش لەنیو ئەو ململانیەی جەنگی نەوت و غازەدا تەنها قوربانییە.

کێشەی چینی کریکار و خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و بۆرژوای عێراقی، لە دۆسیەی نەوت و گاز و ململانێی بۆرژوازی کورد لەگەڵ بەغدا واوەترە.

چینی کرێکار و جەماوەرە بێبەشەکەی، بەهەمان شێوەی دەسەڵاتی تالانچی بۆرژوازی کورد، کە نوێنەری بۆرژوازی کورد و بازرگان و چینە داراکانە.

تەنانەت باسی روخاندنی حکومەتی کارتۆنی نییە... حکومەت بە کارتۆنی و ناکارتۆنی لە کوردستان بوونی نییە، تا باس لە روخاندنی بکرێت، ئەوەی هەیە دوو دەسەڵاتی حزبی پشت بەستوو بە هیزی میلیشیا و دزینی قوتی هاولاتیان و خۆبەستنەوە و کەڵک وەرگرتنە لە ململانێی ولاتانی ناوچەکەو ئەو بۆشاییە سیاسییەی لەو ململانیەدا ئامادەیی هەیە.

وەهم و خۆشباوەری بەدەسەڵاتی بەغدا، رێگایەک نییە بۆ کۆتاییهێنان بە دیوەزمەی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی بۆرژوزی کورد، بەڵکو ئەوە توندکردنەوە کۆتی ئەسارەت و درێژەدانە بە دۆخە سیاسیی و ناشایستەی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە کوردستاندا درێژەی هەیە. تەنانەت بۆرژوازی کورد دەیەوێت هاوبەش و بەشدار لە دەسەڵاتی ناوەندی بێت و لەو راستایەشدا دەیەوێت کارتی بەهێزی بەدەستەوە بێت تا هاوبەش و بەشدارییەکەی زیاتر بێت، بەڵام بۆ چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، پرسی ئاییندەی سیاسی کوردستان و یەکلایی بوونەوەی لایەنی حقوقی و ناسنامەی سیاسییەکەی مەسەلەی میحوەرییە. بۆرژوازی لە عێراقدا وەکو بۆرژوازی کورد، نوێنەری خەڵکی عێراق و خواستەکانی ناکات، دەسەڵاتێکە تا بلێی تالانچی و گەندەڵ و سەرکوتگەر و نۆکەر پیشەیە، خواست و داواکارییەکانی خەڵکی بێبەشی عێراق، لە ئەجندای بۆرژوازی عێراقیدا هیچ جێگایەکی نییە، بۆرژوازی عێراقی نوینەری بۆرژوازی عەرەبە نەک گەڕانەوەی تەواوی قەڵەمرەوی بۆرژوای کورد بۆ ژێر سایەی دەستی بۆرژوازی لە عێراقدا، چارەسەری برینە سیاسی و کۆمەڵایەتی و حقوقیەکانی خەڵکی کوردستان ناکات.

چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی کوردستان، کێشەی سەرەکیان لەگەڵ بەغدا و بۆرژوازی بە شیعی و سونیەکەیەوە، سیاسییە. هیچ بالێکی بۆرژوازی لە عێراقدا ئامادە نییە مافی هاولاتی یەکسان بۆ دانیشتوانی عێراق بێ گویدانە ناسنامەی دینی و قەومی، بەفەرمی بناسێت... خەڵکی کوردستان لە دیدی بۆرژوازی عیراقیدا پلە دوون، خەڵکی سونە مەزهەب لە دیدی بۆرژوای شیعەی سیاسیدا، هاولاتی لەخوارترن و بەهەمان شێوەش هاولاتیانی شیعە مەزهەب لەدیدی بۆرژوازی سونەدا بێ بەهاترن... دیارە لە نێو ئەو دابەشکارییە ئاشکرایەدا، پلە دووی خەڵکی کوردستان ج لە دیدی بۆرژوازی سونە و چ لە دیدی بۆرژازی شیعەدا، راستیەکی حاشاهەڵنەگر و بەرجەستەو مێژووییە و بۆرژوای کوردیش کە لەسەر مەبنای ئەو هەلاواردن و خۆبەستنەوە بە پرسی سیاسی کوردستانەوە پێی گرتووەو بۆتە هاوبەش لە عێراقی دوای بەعسدا، و هیچ کاتێک وەڵامدانەوە بەو گرفتە سیاسیەی خەڵکی کوردستان، بەرنامەو نەخشەی نەبووە.

خەڵکی کوردستان بۆ رزگار بوون لە دیوەزمەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و ئەو تالانی و سەکوت و کۆنەپەرستیەی بۆتە ناسنامەی سیاسی دەسەڵاتەکەی، نابێ ئومێد و خۆشباوەری بە بەغدا و بۆرژوازی لە عێراقدا هەبێت... بەڵکو نەبەردی سەرەکی هێشتا لە هەرێمی کوردستان و راماڵینی دەسەڵاتی حزبی و میلیشییایی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیانە، کە دەتوانێت مەبنای گێرانەوەی ئیرادەی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان بێت و دۆسیەی سیاسی کوردستانیش لەگەڵ بەغدا بەهیزی خۆی و لەڕیگای نوینەرانی خۆیەوە بەدەستەوە بگرێت.

**کۆتایی ئازاری ٢٠٢٣**

**وەهم و خۆشباوەری بەدەسەڵاتی بەغدا، رێگایەك نییە بۆ کۆتاییهێنان بە دێوەزمەی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی بۆرژوزی کورد، بەڵکو ئەوە توندکردنەوە کۆتی ئەسارەت و درێژەدانە بە دۆخە سیاسیی و ناشایستەی کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە لە کوردستاندا درێژەی هەیە...**

**خەڵکی کوردستان بۆ رزگار بوون لە دێوەزمەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و ئەو تالانی و سەکوت و کۆنەپەرستیەی بۆتە ناسنامەی سیاسی دەسەڵاتەکەی، نابێ ئومێد و خۆشباوەری بە بەغدا و بۆرژوازی لە عێراقدا هەبێت... بەڵکو نەبەردی سەرەکی هێشتا لە هەرێمی کوردستان و راماڵینی دەسەڵاتی حزبی و میلیشییایی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیانە، کە دەتوانێت مەبنای گێرانەوەی ئیرادەی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان بێت و دۆسیەی سیاسی کوردستانیش لەگەڵ بەغدا بەهیزی خۆی و لەڕێگای نوینەرانی خۆیەوە بەدەستەوە بگرێت...**

# درێژەی...حکومەتی کارتۆنی و راپۆرتی رەزیل...

دیارە ئەوە یەکەمین جار نییە لە ماوەی یەک دوو ساڵی رابردوودا هوشداری لەدۆخی هەرێم لەلایەن نوێنەری نەتەوەیەکگرتوەکان و بەشێک لە میدیا و راپۆرتە هەواڵیەکانی ئەدرێت... هەموو ئەو دۆسیانەش کە باس دەکرێن تا دەگاتە دواین راپۆرتی فۆرن پۆلەسی ئەمریکی، نەک هیچ شتیکی تازەیان تیا نییە، بەڵکو ئەو پەری رەزیلیان کردووە لە گواستنەوە راستییە واقعیەکانی دۆخی سیاسی کوردستان و کارنامەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی حزبەکانی. لەوەش زیاتر ئەو چەند خاڵەی بە رەزیلی خراونەتە ڕوو، تازە نین و تەمەنیان بە ئەندازەی تەمەنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە، کە ئەمریکاو غەرب و میدیای نۆکەریان دەیان ساڵە پشتیوانیان دەکەن لە پێناو ئامانجەکان و بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بە سەرکوتی شوراکان و کوشتاری ژنان و تالانی ئاشکراو و سەرکوتی ئازادییەکان، و تیرۆی نەیارانی سیاسی و سەربرینی قەڵەم و سەرکوتی سیاسی و دابەش کردنی هەرێم و قەڵەوکردنی میلیشایی حزبی و دەزگای سەرکوت و جاسوسی جیاجیا و بە پشتیوانی خودی ئەمریکا و غەرب و ئەو میدیا پوچە دەستی پێکردووە، کە ئەمڕۆ هاواریان بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لێ هەڵساوە.

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، ساڵ و دوو ساڵ نییە، کە سەرکوت دەکات و هەرێمی دابەشی دوو زۆنی کردووە. دوو ساڵ نییە کە تالانی دەکات و هێزی چەکداری دابەشی سەر بنەماڵە حزبیەکان کردووە. دوو ساڵ نییە، سەرۆکی حزب و بنەماڵە دەستڕۆشتوەکان لە کۆشکی شاهانەدا ژیان دەکەن و هاوڵاتیان هەژار تر و هەژار تر دەبن. دوو ساڵ نییە سەرکوتی ئازادیەکان و پێشلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادی رۆژنامەگەری دەکەن... دوو ساڵ نییە کە دوو هێزی پێشمەرگە، دوو ئاسایش و دوو پۆلیس و دوو دەزگای هەواڵگری و دوو دژە تیرۆر و ... هەیە. دوو ساڵ نییە لاوان کوردستان جێ دەهێڵن و بەدوای ژیان لە جێگای تردا دەگەڕین... وە دوو ساڵ نییە حکومەتی کارتۆی هەیەو ئێستا خەریکە دەروخێ...تاد.

ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، دوو دەسەڵاتی تاڵانچی و میلیشتایی و مافیایی و دژە ئینسانی و دژە ئازادی و ئازادی رۆژنامەگەری و دژە ژن و دژی هەموو ئیرادەیەکی ئازادانەی ئینسانە، دوو دەسەڵاتی بنەماڵەیی سەرەکی و چەند بنەماڵەیەکی ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەی ناو یەک خێزانە، کە دەسەڵات و داهات... قیبلەنومایانە، بۆئەو ئامانجەشیان نۆکەر پیشەیی ناسنامەیانە. لەدژی ئازادی و ئازادییەکان و پێشکەوتنخوازی، کۆنەپەرستی و بەدەستەوە گرتنی یاسا و ریسای دواکەوتوانەو ئیسلامی، رفاندن و راوەدوونان و تیرۆر و زیندانی نەیارانی سیاسی و رۆژنامەنووس و نووسەران... ناسنامەیانە. بۆ بەرگری لە قەڵەمرەوی دەسەڵاتیان، میلیشیایی حزبی و بنەماڵەییان دروستکردووە. بۆ رەوایەتی دان بە یاسا بەعسیەکان و داعشیەکان، داداگاکانیان پاوانی ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیان کردووە دادگای سەربەخۆ تەنها دەستەواژەیەکی تەبا، لەگەڵ دەسەڵاتی بنەماڵەو میلیشیایە. حکومەتی ئەم جۆرە لە دەسەڵات لەیەکەمین رۆژەوە حکومەتێکی کاتۆنی و کاریکاتۆر بووە، بۆ شێواندنی رای گشتی و خۆڵ کردنە رای دنیای دەرەوە...

فۆرن پۆڵەسی ئەمریکی و سەرجەم راپۆرتەکانی تر... هێشتا نەیان توانیووە گۆشەیەکی زۆر بچکۆلەش لە واقعیەت و ماهیەتی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بخەنە روو، دیارە ئەو رەزیلی و چروکییە لە خستنە رووی راستییەکان بێ مەلامەت نییە و بەشێکە خودی سیاسەتی ئەمریکاو غەرب. ئەمریکاو غەرب نیگەرانی ناوەرۆکی هیچ دەسەڵاتێک نیین، نارەحەتی دەسەڵاتی دژە دیموکراسی و دژە ئازادی و دژی کاری رۆژنامەنووسی نین، قەڵس نین بەدەسەڵاتی میلێشیایی و سەرکوت و دژە ژن و داعشی و بەعسی... ئەوان لەهەر جێگایەک هەر دەسەڵاتێک بەرگری لە بەرژەوەندیەکانیان بکات و نۆکەرایەتیان بۆ بکات، وەک شا دەسەڵات و دەسەڵاتی مەقبول پێشوازی لێ دەکەن و بەرگری لێدەکەن...رادەستکردنەوەی دەسەڵات بە تاڵیبان، هێشتا موبارەکەی کۆن نەبووی ئەمریکا و غەربە.

ئەوەی لەماوەی یەک ساڵی رابردوودا، ئەمریکا بەخەستی گریانی بۆ دیموکراسی هەرێم و هەڵبژاردن و ئازادی و مافی مرۆڤ دێت، هیچ نییە جگە لە بژاردەی گواستنەوەی قیبلەی تەواوەتی بۆ بەرژەوەندیەکانی لە ناوەند و بەغدا، لەبەر رۆشنایی پێشهاتە تازەکان و ئاڵۆگۆرەکان، لە ژێر سایەی ئارایشی پێشبینکراوی داهاتوودا... حکومەتی هەرێم هیچ کاتێک لە کارتۆنێک زیاتر نەبووە، هەرگیزیش هیچ حکومەتیک ئەگەر مافی فەرمانرەوایی لە قەوارەیەکی پێناسەکراوی حقوقی نێودەوڵەتیدا نەبێت، لەکارتۆنێک زیاتر ناتوانێت هیچی تر بێت...

دەسەڵاتی میلیشایی هەرێم، بەر لەهەموو شتێک بەرهەمی سیاسەت و نەخشەی ئەمریکا و غەرب و نەبوونی قەوارەیەکی دەوڵەتی پێناسەکراوە... ئەمریکا و زمانە بچکۆلانە و میدیا نۆکەرو نووسەر و رۆژنامەنووسە موچەخۆرەکانی هەرچۆنێک بنووسن و راپۆرتەکان دابرێژن و درۆکان رتوش بکەن ناتوانن شانی ئەمریکا و غەرب لە خوڵقاندنی دۆخی هەرێم خاڵی بکەنەوە.

# درێژەی...فەرەنسا دەنگی کۆمۆنارەکان دەبیسترێت...

زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی وەکو هۆکاری سەرەکی خۆپیشاندانەکانی ئێستا، ئەم نارەزایەتی و بزوتنەوە کریکاریی و جەماوەریە ملیۆنیەی فەرەنسا، و سەرجەم وڵاتانی تری ئەوروپا، ریشەی لە نارەزایەتیەکی فراوانتری چینی کرێکار و جەماوەری نەداردا هەیە، بەدژی لێکەوتەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا، کە بەچوونە سەری نرخی شتومەک و سوتەمەنی و کارەبا، دۆخێکی یەکجار سەختی بۆ زوربەی هەرە زۆری خەڵک پێک هێناوە و کۆمپانیاو بانقە زەبەلاحەکانیش لە بردنی سودو کەڵەکەی سەرمایە بەردەوامن... هەڵاوسان و شکاندنەوەی ئاکامەکانی ئەم هەڵاوسانە بەسەر چینی کریکار و خەڵکی فەرەنسادا، کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی بەسەر ژیان و گوزەرانیاندا پێک هێناوەو کەنەک هەر بەڕیوەچوونی ژیانی سەخت کردووە، بەڵکو شێوەی ژیانی گۆڕیوە... چینی کریکار و خەڵکی نەداری فەرەنسا و تەواوی ئەوروپا، توانای کڕینی شت و مەک و پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان وەکو پێشوو نەماوەو ناچارکراون شیوە ژیانێکی تر هەڵبژێرن، کە مۆری هەژاری و نەداری زۆرتری پێوەیە.

دەوڵەتی فەرەنسا لە بەرامبەر بە داخوازییەکانی کرێکاراندا، کە زۆرتر بەرگرییە لە ژیان و گوزەرانیان، دەستی داوەتە توندوتیژییەکی هەمەلایەنە و ئەمەش خەڵکی فەرەنسای ناچار کردووە بۆ بەرگری لەخۆیان و بۆ داسەپاندنی داخوازییەکەیان و بەرگری لە ژیانیان، کاردانەوە لەخۆیان نیشان بدەن... توندوتیژی کە دەوڵەتی فەرەنسا کرێکارانی پێ تۆمەتبار دەکات، لە بنەرەتدا توندوتیژی هێزە ئەمنیەکانی پارێزەری سەرمایەیە و تا ئەو رادەیەی کە کۆمیسیۆنی مافەکانی ئینسان لە




ئەوروپا ناچار بوو نارەزایەتی بەرامبەر بە توندوتیژی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکان دەرببرێت.

لەناو دڵی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی چینی کرێکاری فەرەنسادا، سرودی نیونەتەوەیی و قرمژن ئاسای تۆقێنەری سەرمایەداری ئەنتەرناسیونالی ئۆژین پۆتیە، دەوترێتەوە. ئەمەش نیشانەیەکی روونی زیندووی ئەنتەرناسیونال و هوشیاری چینی کرێکاریی فەرەنسایە و لەو رێگایەوە جاریکی تر پەیامی رزگاری کۆمۆنارەکان و دەنگی پێیان بەدژی دەسەڵاتی سەرمایە دەبیسترێت.

هاوکات لەگەڵ نارەزایەتی شکۆداری چینی کرێکاری فەرەنسا و بە بەرگری لەخۆیان و ژیان و ئایندەیان، چینی کریکار لە بەشەکانی گواستنەوەو گەیاندنی ئەڵمانیاش چەند رۆژێکە دەستیان داوەتە مانگرتن و کار راگرتن لە پێناو بەرزکردنەوەی موچە و حەق دەستەکانیان... هەروەها چەندین مانگە بەریتانیا و ئیتالیاو ئیسپانیا و یۆنان و .... بوونەتە مەیدانی نمایشی نارەزایەتی بەشە جیاجیاکانی کرێکاران بە دژی گرانی و شەپۆلی بیکاری و شکاندنەوەی ئاکامەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا... لە ئیسرائیلیش بەدژی دەستکاری کردنی یاسایی قەزایی کە مافی سەرۆک وەزیران زیاد دەکات، خۆپیشاندان بەدژی حکومەتەکەی نەتانیاهۆ درێژەی و تەواوی دەسەڵاتی بۆرژوازی ئەو وڵاتەی خستۆتە لەرزە. چینی کریکار و جەماوەری بێبەش لەسەراسەری دنیادا، ڕیگایەکی لەبەردەم نەماوەتەوە جگە لەوەی بەهێزەو بێتە مەیدان و بەرگری لە ماف و دەستکەوتەکانی بکات...



# جەنگی چینایەتی لە فەڕەنسە!

نووسینی: ئیبراهیم حسێن

بڕیاری دەوڵەتی ماکرۆن بە زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی، فەڕانسە یەکێک لە مەڵبەندەکانی پیشەسازی و تەمەدونی دنیای ئەمڕۆی گۆڕی بە مەیدانی نەبەرد و جەنگێکی گەورەی چینایەتی لە نێوان دوو ئۆردوی چینایەتی دنیای ئەمڕۆ، لە نێوان چینی کرێکارو بۆرژوازی، لە نێوان کار و سەرمایە.

هەرچەندە ئەم نەبەردە لە دەوری ئەم مەسەلەیە ئەم دوو ئۆردۆوە چینایەتیەی کێشاوەتە مەیدان، بەڵام هەلومەرجی کاپیتالیزمی ئەمڕۆ و دورنمایەکی تاریک کە هێنایەتە ئاراوە، ئاماژەی ڕوون و ئاشکران بەوەی کە ئیتر دەورانی جەنگێکی چینایەتی گەورەتر بەم زوانە و لەم دەورانە مێژووییە تایبەتەدا لە ئاسۆدایە کە بە ناچاری دەبێ چوارچێوەی ئەو هاوسەنگییەی تا ئێستا کە تیایدا جۆرێک سازشی چینایەتی تێیدا زاڵ بوو، تێپەڕێنێ. هەلومەرجێک کەتیایدا نە ئۆردوی سەرمایە و بۆرژوازی دەتوانێ هاوسەنگی و ئەو ئاستی ژیانە تەحەمول بکا و نە چینی کرێکاریش دەتوانێ ئەم دورنمای کاپیتالیزمێکی ڕەشتر و بەربەریتر و لەوەی ئێستاش تاریکتر و ڕەشتر بەو ئاسانیە قبوڵ بکا. بەو پێیە و بە شێوەی واقیعی و لەسەری ناچاری، خەباتی چینایەتی پێست و چوارچێوە قبوڵکراوەکانی پێشوو کە تیایدا هەردوو لایەنی ئەم کێشمەکێشە چینایەتیە هەرچۆنێک بووبێ ملیان بە سازشێکی چینایەتی دیاریکراو دا بوو، تێکدەشکێنێ.

ئەوەی کە لێرەدا دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە ئەم سەردەمە ئیتر سەردەمی گەڕانەوەی بەهێزی باس و پرسی خەباتی چینایەتیە، سەردەمی گەڕانەوەی ئەو باسەیە کە دنیا و چارەنوسی هەموو دنیا، هەموو مرۆڤایەتی لەسەر خەبات و کێشمەکێشی چینایەتی بەندە. ئیدۆلۆژی باو، فەرهەنگی باو دوای شەڕی سارد فەرمانی ئەوەیان دابوو گوایە ئیتر دنیای بۆرژوازی، لە کابوسی خەباتی چینایەتی، ڕزگاری بووە، فەرمانی ئەوەیاندابوو کە خەباتی چینایەتی خوڵقاوی ئایدیۆلۆژیە، خوڵقاوی مارکس و کۆمۆنیزمە و تەواو بووە. کۆمەڵگە چینایەتی نییە، ئابوری و سیاسەت و دین و بیروباوەڕەکان چینایەتی نین، هەژاری و بێکاری و بێمافی سیاسی و بێخانە ولانەیی چینایەتی نین و ڕیشەییان لە مەنتیق و واقیعی چینایەتی بوونی کۆمەڵگەدا نییە.

بەو پێیە کورتیەکەی چەندین ساڵ درۆ و ڕیاکاری و گێژکردنی هۆش و ویژدان و لە قاڵبدانی ئیرادەی مرۆڤ، سەرەنجام جارێکی تر ئەو ڕاستیە خەریکە لە هەرکات زیاتر بە هێزەوە لە هەستانی پرۆلیتاریای پاریس و فەڕانسە خۆی دەسەلیمێنێ کە ئەم کۆمەڵگەیە، ئەم دنیایە و ئەم شێوە ژیانە، بە هەموو ناشیرینی و قێزەونیەکانیەوە، بە هەموو جەنگ و کوشتارەکانیەوە، بە دین و ئایدیۆلۆژیاو ئەخلاقی باویەوە، بە دەوڵەت و پۆلیس و قانونیەوە، بە هەڵبژاردن و پەرلەمانیەوە، بە زیندان و تاوان و تەواوی سیستەمی داد و قەزاییەکەوە، بە چاکەکار و خراپەکاریەوە، چینایەتییە. بۆیە پرولیتاریای پاریس و فەڕانسە لەو چەند ڕۆژەدا ئەم پرووپوچیەی وەڵامدایەوە و کۆتایی پێهێنا نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەقودرەتەوە نیشانیدا کە جیهانی ئەمڕۆ جیهانی ئەم کێشمەکێشە چینایەتیەیەو هەموو شتێک و هەرشتێک کە ڕوودەدا بەسەرەنجامی ئەم کێشمەکێشە چینایەتییەوە بەندە. بەپێی ئەوە ئەو دەرکە قوڵە مارکسیستیەی کە دەڵێ دینامیزمی ئاڵوگۆڕ و مۆتۆڕی مێژوو شتێک نییە جگە لە خەباتی چینایەتی نێوان ئەم دوو هێزە کۆمەڵایەتیە و ئەم خەبات و ململانێ چینایەتیە قوڵە مۆری خۆی لە چارەنوسی ئاڵوگۆڕەکان دەدا.

نەک هەر کۆمۆنیزمی بۆرژوایی، نەک هەر سۆشیالیزمی بۆرژوایی و سەرمایەداری بە چارەی ئینسانیتر کۆتایی پێهاتوە، بەڵکو تەنانەت خۆری دیموکراسی و پەرلەمانتاریزمی بۆرژوایی لە دڵی سەرمایەداری و مەدەنیەتی ڕۆژئاوادا لە قەیران و سەرلێشێواوی و پەرێشانیەکی ئایدیۆلۆژی و فیکری گەورەدا دەژی. قەیرانێکی گەورە و قوڵی ئابوری و سەرلێشێواویەکی ئایدیۆلۆژی بێوێنە کە سەرمایەداری ڕۆژئاوا و ئەو بلۆکەی لەهەرکاتێکی زیاتر بێچارە کردوە. هەلومەرجێک کە وایکردوە ئەم کەمپە هەموو ڕوخسارێکی نەرم و نیان و هەموو پەردە و پینەوپەڕۆیانەی کە ئەم کەمپەی قابیلی تەحەمولتر نیشان دەدا فڕێ بدا و بە زمانی جەنگ و ئۆتۆم و بردنی دنیا تا ئاستی وێرانیەکی کەم وێنە بێت و قسە بکا. ڕێکخستنی ئابوری جەنگ و پیادەکردنی سانسۆری ئاسنین لەسەر تەنانەت چالاکی وەرزشی وهونەری و ئەدەبی و گەمارۆی ئابوری و برسیکردن و قەدەغەکردنی میدیای دەرەوەی ئەم کەمپە و داخستنی ئەم کەمپە بەسەر هەر بۆچون و تێگەیشتنێکی دەرەوەی ئەم کەمپە و دەستکردنەوە لە کرێکاران و بەرەڵاکردنی پۆلیس و بەکارهێنانی سەرکوت و داپلۆسینی گەورە و بێوێنە لەدژی چینی کرێکار، چارەی سەرمایەداری دنیای ئەمڕۆی بێپەردەتر لەهەمیشە دەرخست. قەساوەت و دڵڕەقی و بەزەبرو زەنگێک کە پۆلیسی ئەم کەمپە دیموکراتە لەبەرامبەر کرێکاران بە جۆرێکە کە دەنگی نیهادەکانی مافی مرۆڤ و هێندێک ئۆرگان و دەزگا تری چینی دەسەڵاتداری دەرهێناوە. بە جۆرێک کە باسی سەدان زیندانی و هەزاران حاڵەتی بریندار بوونی سەخت و قورس دەکەن. پاریس تا شار و شوێنی ژیان، گۆڕاوە زیاتر لە مەیدانی جەنگێکی گەرم و سەربازگا دەچێ. ئیتر ئەم خەبات و جەنگە، ئەم نەبەرد و پێکدانە چینایەتییە، ئەفسانەی تۆلێرانس و تەحەمولی سەرمایەداری گەیاندە دوا خاڵی خۆی. پرۆلیتریای فەڕانسە هەر لەم ئاستەی ئێستایدا پێشقڕاوڵی ئەم ئاڵوگۆڕەن.

وەڵامی سەرمایەداری ئەمڕۆ، ڕێکخستنەوەیەکی زۆر ڕاسڕەوانەی دنیای سەرمایەداری و ڕێکخستنی ئابوری کاری هەرزانە لەسەر ئاستی هەموو دنیا. ئەم دورنمایە، ئەم ڕێکخستنەوەیە بەبێ ناچارکردنی چینی کرێکار بەم چارەنوسە لە ئەوروپا مومکین نییە. ئەمە ناوەڕۆکی ئەو جەنگە گەورەیە کە بۆرژوازی لە دنیای ڕۆژئاوا لە دژی چینی کرێکار ڕایگەیاندوە. خەریکن دەڵێن سەرمایەداری ڕۆژئاوا بەبێ کاری هەرزان ئیدارە ناکا، خەریکن دەڵێن هێزی کاری هەرزان، بەبێ ڕزگاربوون لە هەموو جۆرە بەرپرسیارێتیەکی کۆمەڵگە ودەوڵەت لەبەرامبەر لانی کەمەکانی ژیانی چینی کرێکار و بەگشتی مرۆڤ مەحاڵە. خەریکە دەڵێن ئیتر بۆ ئەوەی سود و زێدەبایی نەهێتەخوار، دەبێ هێز و توانست و ژیان و تەمەنی چینی کرێکار تا ئەوپەڕی، تا دوا دلۆپ تا دوا ساڵەکانی تەمەنی پیری بخرێتە خزمەتی سەرمایە. ئیتر سەرمایە و سەرمایەداری پێویستی بە هیچ پەردەیەک و هیچ پاساوێکی چاکەکاری و چاکەخوازیەک نییە. ئیتر بۆ داسەپاندنی ئەمە سەرمایە دەبێ بە زمانی خۆی قسە بکا.

ئیتر سەردەمی سازشی چینایەتی و سەردەمی ئەوەی کەبکرێ بە هیچ ئاستێکی ژیانێکی باشتر، بە هیچ ئاستێکی ژیانیک ئازادتر ئومێدەوار بین یان تەنانەت بکرێ چاوەڕوانی مەدەنیەتێکی زۆرتر بکەین لە سایەی دەسەڵاتی سەرمایە و کۆیلایەتی کاری کرێگرتە لە دنیای ئەمڕۆدا، کۆتایی پێهاتوە و لە ئەفسانەیەک زیاتر نییە. هەر ئەندازەیەک لە ئازادی و خۆشبەختی زیاتر، هەر ئەندازەیەک ئومێد پەیداکردن تەنیا دەکرێ لە ڕێگەی ڕزگاریەکی سۆشیالسیتی و کرێکاری و ڕادیکاڵەوە بەدیبێت. هەلومەرجی ئەمڕۆ ئەگەر بە دیوێکیدا ئەم دیوە تاریکەی ئایندەمان نیشانددا، بەڵام بە دیوەکەی تردا لە ڕێگەی هاتنەمەیدانەکانی ئەمڕۆی پاریس و بەرلین دیوە گەشەکەی خەباتێکی چینایەتی پرۆلیتاریامان نیشاندەدا کە بۆ ڕزگاری خۆی لە سەرمایە و سەرمایەداری ناچارە ڕادیکاڵ و سۆشیالیستی بێت و ناچارە بۆ ڕزگاریەکی بنەڕەتی و سۆشیالیستی تێبکۆشێ.

**کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی یۆتۆپیا نییە، بەڵکو بەرئەنجام و ئامانجی خەباتی چینی کرێکارە لەدژی نیزامی سەرمایەداری...**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**


bopeshawa@gmail.com


# تاهیر حاجی حەسەن وەڵامی پرسی ڕۆژ دەداتەوە...



پرسی ڕۆژ/ ڕۆژی ٢١/٣/٢٠٢٣ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکردەوە. ڕاپۆرتەکە لە چەند بەشێکیدا باس لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دەکات. نوسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان وەڵامی بەشێك لەو تێبینی و سەرنجانە دەداتەوە کە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. وادیارە نوسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نیودەوڵەتیەکان هەڵوێستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەئیزدواجیەت وەسف دەکات، و دەڵێ لەکوردستان بەگشتی هەموو ئازادیەکان هەیە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ نییە.

هەمووساڵێك شاهیدی ئەوەین کەنوسینگەی هەرێم هەمان ئەو وەڵامانەی هەیە، و شاهیدی ئەوەشین کە زۆرێك لەو پێشێلکاریانەی حکومەتی هەرێم ئەنجامی دەدات لەبەرامبەر ئازادی رادەربرین و ڕۆژنامەگەری ...تاد زۆر لەوە زیاترە، زیندانیانی بادینان نموونەیەکی زۆر زیندوە.

ئێوە ئەم وەڵامانەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتیەکان چۆن هەڵدەسەنگێنن، هەروەها ئازادی بیروراو ڕۆژنامەگەری...تاد چۆن دەبینن لە کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان؟

**تاهیر حاجی حەسەن:** وەڵامی ئەو دەستپێشخەریەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ مەسەلەی ئازادی دەربڕین و مافی مرۆڤ لەهەرێمدا، بۆخۆی جێی گومانە. چونکە خودی دەوڵەتی ئەمریکا لەمێژووەکەیدا بەشوێن دابینکردنی مافی مرۆڤ و ئازادی دەربڕین نەبوە، هێندەی پێچەوانەکەی ڕاست و واقعیانەیە، یانی ئەو دەوڵەتە خۆی داگیرکەرەو لەناو خودی وڵاتەکەیشدا جیاوازی چینایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی جێکەوتەیە،کەوایە چۆن دەتوانێت لەدەرەوەی وڵاتەکەی خۆیدا بەشوێن ئازادی و مافی مرۆڤەوە بێت لەنێو ئەو گەلانەی کەخۆی دەسەڵات و حوکمی دیکتاتۆرەکانی دامەزراندوە یان پاڵپشتیان بوە لەهاتنە سەر حوکمڕانیاندا؟

حکومەتی هەرێم، خۆبەخۆ، حکومەتێکی چینێکی بۆرژوا مشەخۆرەو لەوێشدا، شتێك نابێت بەناوی مافی مرۆڤ و ئازادی دەربڕینەوە، لەماوەی ئەو سی و یەك ساڵەی دەسەڵاتدارێتی ئەحزابی بەرەی بۆرژوا قەومی و دینی و خێڵەکی بنەماڵەی ئەو دو حزبە سەرەکییەو هاوپەیمان و بەناو ئۆپۆزیسیۆنەکانیشیاندا، ڕۆژێك نەبوە کۆمەڵگە بەر چەوساندنەوەو سوکایەتی و کوشت بڕی ئەو چینە کەمایەتییە مشەخۆرە نەبوبێتەوە، جا لەبرەودان بەکۆنەپەرستی و برەودان بەزاڵ بونی هەژمونی پیاوسالاری و برەودان بەژن کوژی و برەودان بەناداد پەروەرییە جۆراوجۆرەکان و کوشتنی نارازیان کاتێك هاتبێتنە سەرشەقامەکان بۆ داخوازیەکانیان، تا دەگات بەوانەی بژێوی ژیانیان لەسەر پاشەڕۆی نێو زبڵخانەکان دابین دەکەن و تا دەگات بەو کۆ بێکاریە زۆرانەش لەنێو توێژێکی زۆری گەنجان و تا دەگات بەلێسەندنەوەی کۆی مافە سەرەتاییەکان لەزۆرینەی کۆمەڵگەو برەودان بەترس و تۆقاندن و نان بڕین، ئیتر ئەمە کارنامەی مێژووی ئەو حکومڕانییە بوەو لەوێشدا ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گلەیی و گازندەی هەیە لەو ئیدارەی لەهەرێمدا هەیە، لەڕاستیدا ئەوە ئەسڵەکە نییە، بەڵکو ئەسڵەکە پەیوەستە بەمەسەلەی غازو نەوت و ئەو ستراتیژو ئەجێندایەی ئەمریکا هەیەتی لەبەرانبەر ڕکابەرە گەورەکانی وەك دەوڵەتی چین و دەڵەتی ڕوسیا، بێگومان لەکاتی هەژمونی فرەجەمسەریدا، بچوکەکانیش بەشی خۆیان دەتوانن کاری ڕسك ئاسا ئەنجام بدەن، هەربۆیە، پێویستە ئێمەی کۆمۆنیستەکان لەوێوە دنیاکە نەبینین کە دەوڵەتانی زلهێزی وەك ئەمریکاو چین و ڕوسیا و دەوڵەتانی ئەوروپا دەیبینن، ڕێك بەپێچەوانەوە، پێویستە ئێمە بەشوێن ستراتیژێکەوە بین کەچۆن و بەچ شێوازێك بتوانین کۆی چینە چەوساوەکان و بەشخوراوان گەرنەشتوانین وەك ڕێکخراوبون و ڕێکخستنێکی حزبیانە ئیشی لەسەر بکەین، ئەوا پێویستە لەڕوی بەئاگاهێنانەوەی هۆشیاری سیاسی چینایەتی ئیشی لەسەر بکەین، گەرنا، هەروا لەدوای ئەو ستراتیژو پلانە دژ بەکۆمەڵگەیانەوە دەبین کە ئیمپریالیزم و دەسەڵاتە وەکیلەکانیان لەنێو گەمەو بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەشوێنیەوەن.

ئەو دەسەڵاتە، گەر سبەی باوای دابنێین لەلایەن ئەمریکاوە وەلا دەنرێت و هاوشێوەی بەهاری عەرەبی کۆمەڵگەی لێ دەوروژێنرێت و دواتر کۆتایی بەهەژمونەکانیان دەهێنرێت، بەڵام دواتر کێ شوێنیان دەگرێتەوە؟ بێگومان دەستکاری سیستەمی چینایەتیەکە ناکرێت و ژیانی زۆرینەکە بەرەو باش بون نابرێت، هێندەی پێدەچێت خراپتریشی لێ چاوەڕوان بکرێت. مێژووی ئەحزابی کوردی پڕاوپڕ لە ڕەشێتیە، ڕەشێتیەك لەنێو ڕەنگی سپیدا خۆی حەشار داوە، هەروەك دەوڵەتانی ناوچەکە بەگشتی و دەوڵەتانی نێو سیستەمی سەرمایەداریش بەتایبەتی، لەهەرشوێنێکدا بڕێك ژیان و ئازادی جێکەوتە بوبێت، ئەوە بەرهەمی چاکەی دەسەڵات نەبوە،بەڵکو بەرهەمی خەبات و شۆڕشی چینەچەوساوەکان و حزبە پێشڕەوەکانی سەر بەبزوتنەوەی کرێکاری بوە، تا دەگات بەئاستێك لەگەشەی بەرهەمهێنان و پیشەسازی و زانست و خواستی خودی سەرمایەش لەونێوەدا بەپێی پێویستیەکانی لەنێو هەرکۆمەڵگەیەکدا لانیکەم شێوەژیانێك بەپێویست دەزانێت تاهاوشانی ئەو گەشەیە بێت، بەڵام خودی دنیای سەرمایە،هیچ شتێك لەسەرو بەهاکەی خۆیە نابینێت و نا، ناسێت.

لەهەرێمیشدا هاوشانی کۆی عێراق، پڕاوپڕن لەگەندەڵی و بێمافی و برەودان بەچەوساندنەوەی چینایەتی، بۆ مەگەر ئەوان کۆشك و ملیارەها دۆلارەکانیان لەسەر حسابی دزینی پاروی ژیانی زۆرینەکە سەرنەخستوە؟ کەوایە، ئەو سامانە گشتیەی لەو وڵاتەدا هەیە، زۆرترینی زۆرینەکەی لەلایەن ئەو چینە کەمایەتیە دەسەڵاتدارەو کۆمپانیا تالانچیە زەبەلاحەکانی دەوڵەتی ئەمریکاو و دەوڵەتانی ترەوە بەدزین نەبراوە؟ ئیتر دزی گەورە لەپێناو پێنەگەیشتنی دزی بچوکتر لەخۆیدا پێویستی بەوە دەبێت جار جار چەکوشێك بکێشێت بەسەر دزە بچوکەکەیدا تا سنور تێنەپەڕێنێت، ئەمەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو ئەو لایەنەیش کە ئەو بەرزکردنەوە نارازیەی وەزارەتی دەرەوە بەدوفاقی دەبینێت، هەردولایان بەشێکن لەدزەکان، کەوایە، دز ناتوانێت ژیانی ئەوانە ڕێك بخاتەوە کەخۆی دزی لێ کردون! بۆیە مافی مرۆڤ و ئازادی دەربڕین و دیموکراسی و دادپەروەری، لەشوێنێکدا جێی نابێتەوە کە چەوساندنەوەی چینایەتی تێیدا سەروەر بێت و چینێکی سەردارو فەرماندار لەسەرو کۆمەڵگەوە خۆی سەپاندبێت. مەخابن، قۆناغەکە بەجۆرێکە، هێشتا کۆمەڵگە چونکە ئاشنا نەبوە بەژیانێکی بێ چەوساندنەوەی چینایەتی و بەژیانێك پێویستی شوان بون لەوێدا نەمابێت، هێشتا بەرچاو لێڵیەکی زۆر لەبەردەمیدایەو ئاوا ژیانێکی بەنامومکن دەزانێت، هەربۆیە هێزە کۆنەپەرستەکانی ئیسلامی و قەومی و تائیفی، ئەو شێوە ژیانە بۆ زۆرینەکە تەنها لەو شوێنەدا بەخاوەن جێکەوتە دەزانن و بەگوێی زۆرینەکەیدا دەدەن کە لەو دنیادایە، نەك ئەم سەر زەمینەی تێیدا دەژین، ئەو دنیایەی کەبونی نییە، تا ئەوەی بەهەشتی پڕ بەخوێن سور بوی خۆیان بۆ هەمیشە درێژەی هەبێت و هەروا خۆیان و نەوەکانیان و سیستەمەکەیان بمێنێتەوەو زۆرینەکەیش وەك لەچارەنووس کراو بونێك بۆ خزمەتکاری و خۆبەکوشتدان لەپێناو بەرژەوەندیە مادی و مەعنەوی و سیاسیەکانی ئەو چینە تالانچیەدا هەروا درێژەی هەبێت. ئەمەیە مافی مرۆڤ و ئازادی دەربڕین و شێوازێك لەژیان کە بەرژەوەندی ئەو چینەچەوسێنەرە دەسەڵاتدارە دەیخوازێت و لەدەرەوەی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەم سیستەمەیشەوە، کۆی ئازادی و مافی مرۆڤ و یەکسانیخوازی دەچێتە نێو بازنەی ئاژاوە گێڕیەوە، ئەمە مێژووی کۆی دەوڵەتانی نێو سیستەمی چینە چەوسێنەرەکان بوە تا بەئێستایشەوە دەگات!

# بۆچی ژنانی کرێکار لەڕیزی پێشەوەی ناڕەزایەتیەکاندان لە فەرەنسە؟

ژنان دەڵێن: "کاردەکەین تا بەلادادێین. ژنان تووڕەن، هەموو تووڕەن". ئەمە پرسیارێکە ڕۆژنامەی گاردیان لەسەردێری وتارێکیدا نووسیویەتی و دەڵێ بۆچی ژنان لە پێشەنگی ناڕەزایەتیەکاندان. ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییەی کریکاران و کەمدەرامەتانی فەرەنسە ژنان تیایاندا پێشەنگ و ئاڵاهەڵگری ئەو ناڕەزایەتیانە بوون. ئەوان بوون کە ڕیزی پێشەوەیان گرتبوو و گۆرانی و سروودیان دەخوێند و بەدەنگێکی بەرز بوونی خۆیان سەلماندبوو. سەماو گۆرانی وهوتافی ژنای




کرێکاری بێدەرەتان زاڵ بووبوو بەسەر دەنگ و هوڕی ئۆتۆمبیلی پۆلیس و تەقەتەقی گازی فرمێسک ڕێژ و دەنگ وهەرای پۆلیس و هێزەئەمنیەتەکانی دەوڵەتی ئیمانوئێل ماکرۆن . نەپێی یاسای نوێی فەرەنسا تەمەنی خانەنشینی لە ٦٢ سالەوە بەرزکرایەوە بۆ ٦٤ساڵ ئەمەش تووڕەیی لەنێو خەڵکی کریکار وکەمدەرامەتی فەرەنسی دا دروستکردوە هەربۆیە دەستیانداوەتە ناڕەزایەتی و مانگرتن وتەنانەت کاری توندوتیژی لەسەرتاسەری فەرەنسادا. ئەوەژنانی کرێکار و کەمدەرامەتی فەرەنسان کە مووچە و هەقدەستێکی کەمیان هەیە و باری سەنگینی ئەم بریارە تازەیە دەکەوێتە سەرشانیان. وە ئێستا دەبێت زیاتر کارکەن و تەنانەت لە پیاوانی کرێکاریش زیاتر کارکەن بۆ بڕێکی کەمتری خانەنشینی. ژنێکی ٥٦ ساڵە دەڵێ: "ئەگەر ژن بیت لە فەرەنسا دەبێت بێیتە سەرشەقام و ناڕەزایەتی دەربڕیت". ژنانی کرێکار هەقدەست ومووچەیەکی کەمتر وەردەگرن لە بەراورد بە پیاوانی کریکار هەر بەو پێ یەش بڕی خانەنشینیەکی کەمتر. یەکێکی تر لە ژنانی کریکار دەڵێ: ئەم یاسایە هیچ ڕێز وحەرمەت دانانێ بۆ ژنانێکی کرێکار کە دەرامەتیان لە خوارەوەیە و نیو کات کاردەکەن. بەپێی ئاژانسی ئاماری "ئین سی" مووچەی ژنان لە بەراورد بە پیاوان بە ڕێژەی لەسەدا ٢٢ کەمترە و لەسەدا ٤٠ یش لە بڕی خانەنشینی پیاوانی کرێکار کەمترە. لەبەر ئەوەیە کە ژنان لەپێشەوەن لەم ناڕەزایەتیانەدان، چونکە ژنانی کرێکار ئەم یاساو بڕیارە بە سزا لەقەڵەم دەدەن. ژنە نووسەرێک دەنووسێت کەئەم خانەنشینیە نابەرابەریەکانی لە مووچەدا زیاتر خستەڕوو وە پیشاندا. ناڕەزایەتیەکان هەر بەردەوام دەبن و ژنان و پیاوانی کریکار واز لە داواکاریەکانیان ناهێنن. کرێکاریکی تر دەڵیت: ژنان دەبێت زیاتر و سەختتر کارکەن و بۆپارەیەکی کەم". لەبەرئەوە زۆر گرنگە ئەم یاسایە شکستی پێ بهێنرێ، چونکە لەقازانجی هەموو لایەکە بەتایبەت کرێکاران و سەرخستنی ئەم ناڕەزایەتیانە سەرکەوتنە بۆ گشت کرێکاران لە هەموو کونجێکی ئەم دونیایەدا.

**ئامادەکردنی: سالار حەمەسەعید**

# کۆمۆنەی پاریس، یەکەم حکومەتی کرێکاری لە جیهاندا!

## وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: تونا حەمە نوری

ڕۆژی شەممە ١٨ی ئازار ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆمۆنەی پاریس بوو، کە یەکەم حکومەتی کرێکاری جیهان بوو لە فەرەنسا. کۆمۆنەی پاریس ڕووداوێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی لە قۆناغی شۆڕشگێڕانەی ١٨٤٨ تا ١٨٥١ بووە، کە خەباتی بەربڵاوی کرێکارانی لە هەموو وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا لەخۆگرتبوو، هەروەها خەباتی کرێکارانی فەرەنسی لە نێوان ساڵانی ١٨٥٧-١٨٦٩، شکستی سوپای فەرەنسا لەو کاتەدا لە شەڕیدا لەگەڵ سوپای پروسیا کە بەرەو دەروازەکانی پاریس پێشڕەوی کردبوو، شەڕەکە وەک پریشکێک وابوو تووڕەیی کرێکاران و خەڵکی پاریسی هەڵگیرساند.

بیست ساڵ پێش هاتنی کۆمۆن، دوای شکستی ڕاپەڕینی کرێکاران لە حوزەیرانی ١٨٤٨، کودەتای سەربازی ٢ی کانوونی دووەمی ١٨٥١ ئیمپراتۆر ناپلیۆنی سێیەمی هێنایە سەر دەسەڵات. سەرەتا ڕژێمی نوێی بۆناپارت پتەو دەهاتە بەرچاو. کرێکاران شکستیان هێنابوو، ڕێکخراوەکانیان یاساغ کرابوو. بەڵام تا کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ماندووبوونی هەڵکشانی ئابووری لەگەڵ زیندووبوونەوەی بزووتنەوەی کرێکاری، ڕژێمی بە شێوەیەکی جددی لاواز کردبوو. ڕوون بوو کە تەنیا جەنگێکی نوێ و - سەرکەوتنێکی خێرا - ڕێگەی پێدەدات بۆ کاتێکی درێژتر لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە. لە مانگی ئابی ساڵی ١٨٧٠دا سوپاکانی ناپلیۆنی سێیەم لە دژی بیسمارک جوڵەیان کرد. ئەو ئیدیعای دەکرد کە جەنگەکە دەبێتە هۆی دەستکەوتی خاک و لاوازکردنی ڕکابەرەکانی فەرەنسا و کۆتاییهێنان بە قەیرانی دارایی و پیشەسازی.

زۆرجار ڕوودەدات کە شەڕ دەبێتە هۆی شۆڕش. ئەمە بەڕێکەوت نییە. کردەوەی بەرپرسەکانی دەوڵەت، ژەنەڕاڵەکان، سیاسەتمەداران، ڕۆژنامەگەرییەکان، تا ڕادەیەکی بێکۆتایی بەرزتر لەوەی کە لە سەردەمی ئاشتیدا بە شێوەیەکی ئاسایی ڕوودەدات، دێنە ژێر چاودێریی جەماوەری دانیشتووانەوە. ئەمەش بە تایبەتی لە ئەگەری شکستدا ڕوودەدات. هەوڵی داگیرکردنی ئەڵمانیا لەلایەن ناپلیۆنی سێیەمەوە بە خێرایی و بێ شکۆمەندانە کۆتایی هات. لە ٢ی ئەیلولدا، لە نزیک سیدان لە سنووری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا، ئیمپراتۆر لەلایەن سوپای بیسمارکەوە لەگەڵ ١٠٠ هەزار سەربازدا دەستگیرکرا. لە پاریس خۆپیشاندانی جەماوەری بە شەقامەکانی پایتەختدا ڕژا و داوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەت و ڕاگەیاندنی کۆماری نوێی دیموکراسییان دەکرد.

جەماوەری کرێکاران و پاریسییەکان کە ڕاپەڕینیان کرد، حکومەتی ئەوکاتەی فەرەنسایان لە پاریس دەرکرد و ئەرکی بەرگریکردنیان لە شارەکە لە بەرامبەر داگیرکەران وەرگرت. حکومەتی هەڵاتوو کە تا دوێنێ لەگەڵ حکومەتی پروسیا لە شەڕدا بوو، بە هاوکاری سوپای پروسیا، پلانی هاوبەشیان لە دژی کرێکارانی یاخیبوو دانا. لە هەنگاوی یەکەمدا پروسیەکان ٦٠ هەزار دیلی جەنگی فەرەنسییان ئازادکرد و خستیانە بەر دەستی حکومەتی هەڵاتوو وە هاوکاری ڕێکخستنەوەی سوپای شکستخواردوویان کرد، دواجار حکومەتی لەسەرکار لابراوی ئەوکاتەی فەرەنسا بە هاوکاری سوپای پروسیا هێرشی کردە سەر پاریس، دوای




چەند ڕۆژ لە شەڕێکی نابەرابەری سەربازیدا شکستیان بە کۆمۆنە هێنا.

لە ماوەیەکی کورتدا ١٧ هەزار کرێکار لە شەقامەکانی پاریس کۆمەڵکوژکران، هەزاران کرێکار لە سێدارەدران، بەم شێوەیە چینی سەرمایەداری فەرەنسی تۆڵەی خۆی لە شۆڕشی کرێکاران کردەوە و یەکەم ئەزموونی جیهانی حکومەتی کرێکاری شکستی هێنا.

کۆمۆنەی پاریس یەکەمین حکومەتی کرێکاران بوو لە جیهاندا و خوڵقێنەری حکومەتێک بوو کە ئەگەر سەرکەوتنەکەی بەردەوام بوایە، چینی کرێکار دەیتوانی هەنگاوی داهاتوو بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی و کرێکارانە بنێت. کۆمۆنەی پاریس یەکەم حکومەتی کرێکاری مێژوویی و لە هەمان کاتدا تایبەتی بوو. چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بە بڕیارەکان و کردارەکانی کۆمۆنە، ئەوە دەردەخات کۆمۆنە بەرەو لەدایکبوونی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی نوێ دەڕۆشت.

کۆمۆنەی پاریس یەکێک بوو لە گەورەترین و ئیلهامبەخشترین ئەڵقەکانی مێژووی چینی کرێکار. خەڵکی زەحمەتکێشی پاریس لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بێ وێنەدا، دەوڵەتی سەرمایەدارییان بە ئۆرگانەکانی خۆیان گۆڕی و دەسەڵاتی سیاسییان بەدەستەوە بوو تا لە کۆتا هەفتەی مانگی ئایاردا ڕووخان. کرێکارانی پاریس لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا هەوڵیان دەدا کۆتایی بە چەوساندنەوە و ستەم بهێنن و کۆمەڵگە لەسەر بناغەیەکی تەواو نوێ ڕێکبخەنەوە. وانەی ئەم ڕووداوانە بۆ سۆشیالیستەکانی ئەمڕۆ گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە.

بەپێی فەرمانەکانی کۆمۆن، سوپای پیشەیی هەڵوەشایەوە، کاروباری سەربازیش بە لیژنەکانی گەلی چەکداری سپارد. ڕاگەیەندرا کە زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەر دەکات، کەرەستەی کاریش هی کرێکاران و کارکردنیش مافی سروشتی هەموانە. موچەی زیادەڕۆیی بەرپرسانی باڵای حکومەتی هەڵوەشانەوە، بەرزترین مووچەی بەرپرسان ناتوانرێت لە مووچەی کرێکارێکی لێهاتوو زیاتر بێت، مووچەی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە پشتبەستن بە بەهرە و پێگەی کارەکەیان دیاری دەکرێت. دادوەر و بەرپرسە باڵاکان هەڵدەبژێردرێن و لاشدەبرێن هەرکاتێک زۆرینەی دەنگدەران ویستیان. موڵک و ماڵی دادوەر و بەپرسەکان لەلایەن کۆمۆنەوە پەسەند دەکرێت. هەموو هاوکارییە داراییەکانی

بۆ لاپەڕە 16

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



پرسی ژن ؟

بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# ئافرەت وەك چەمكێك

نوسینی/ کۆژیا ئاغا وەیس

لە مێژووەوە تاوەکوو سەردەمی ئەمڕۆ، بەدەر نەبووین لە کێشە و ئاستەنگ و دژایەتی و دووبەرەکی، جا لە چوارچێوەی نەتەوە، کایە سیاسییەکان، خوێنی ناسیزم، فاشیزم، بەعسیزم بووبێت، تا بەپلەدووکردنی ئافرەت.

هەر یەکە لەم کایانە لە چوارچێوەیەک لە چوارچێوەکان شوێنی خۆیان گرتووە، بەڵام ئەوەی تاوەکوو ئێستا وەک کێشە و دووبەرەکی مابێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت، پرسی ئافرەتە. هەر لە سەردەمی حەوا و میتۆکانی، تا شۆڕش و گۆڕانکارییە نەتەوەیی و سیاسییەکانەوە، ئەوەی وەلاوە بخرێت و پەنجەی دژایەتیی بۆ ڕابکێشرێت ئافرەتە، کە زەرەرمەندی گۆڕانکاری و پێشکەوتنە سیاسییەکان بووە.

دەکرێت پرسێک بێتە ئاراوە، کە لەدوای هەموو ئەم پێشکەوتنانەی دنیا بەخۆیەوە دیوە و لەگەڵ پەرەسەندنی کایەکان و عەقڵانیەتی تاکەکان، هەموو ئەمانە گۆڕانێکی بەرچاویان لە دۆخی ئافرەت کردووە، ناکرێت زەربی سفر بکرێنەوە و بە زەرەرمەند دابنرێن؟

من لێرەدا هیواخوازم خوێنەر ئەوە لەبەرچاو بگرێت، لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگە هەر لە دێرزەمانەوە و لەگەڵ هاتنەکایەی بواری ئابووری و پیشەگەرییەوە، دەبێتە ئامرازێک بۆ سەرهەڵدانی مەیدانی جیاوازیی ڕەگەزییەوە. ئافرەت دەبێتە ڕەگەزە لاواز و پلە دووەکەی کۆمەڵگە و ناچار دەکرێت بە ماوەیەکی زۆری کارکردن و بڕە پارەیەکی کەمتر لەو بڕە پارەیەی کە پیاوان وەریان دەگرت.

دواتر، لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشەکان و ڕاپەڕین و بەرامبەر وەستانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، ئافرەتان شان بە شانی پیاوان لە سەنگەردا بوون، لەپێناو هیوایەک بۆ باشترکردنی بارودۆخیان، جا چ بارودۆخی سیاسیی کۆمەڵگەکەیان، تا دەگاتە ئەو جیاکاری و دژایەتییەی ڕووبەڕوویان دەبووەوە.

دووبارە لێرەشدا هەوری بێهیوایی ڕوو لە ئافرەتان دەکاتەوە، دەبینن لەگەڵ سەرکەوتنەکاندا، ناوی پیاوان جێ مەرەکەب دەگرێت و دەڕواتە مێژووەوە. ئافرەتانیش بارودۆخیان لەناو کۆمەڵگە نەک باشتر، بگرە بەرەو خراپبوون دەڕوات! بە جۆرێک، تا ئەمڕۆ هێشتا ناچارین لەپێناو مافەکانمان دەنگ هەڵبڕین و درێژە بە خەباتی سەدەیەک بدەین.

سەدەیەکە وشەکانی جیاکاریی ڕەگەزی دونیای پڕ کردووە، بە جۆرێک، هەموومان بەقەد ناومان شارەزای تاک بە تاکی کێشەی ژنان بووین. وتار و گۆڤار و ڕاگەیاندن و دەزگا و ڕێکخراوەکان، هیچ یەکێک لەمانە دەرگای خۆی بەسەر ئەم کێشانەدا دانەخستووە. هەر بۆیە دووبارە دەگەینەوە هەمان پرسیار، لەناو هەموو ئەمانەدا چارەسەری ئەم کێشەیە بۆ بزرە؟

لێرەدا دەکرێت پەنجە بۆ کێشەیەک ڕابکێشم، ئەویش زمانی کوردییە. کام چەمکەمان بۆ ئافرەت و کێشەکانی و تەنانەت ئەو چارەسەرکارییانەی لە وتار و ڕۆژنامەکان جێ بۆ کراوەتەوە، داهێناوە؟ ئایا بە چ جۆرێک لە مێشکی تاکی کورد ڕەگی داکوتاوە و چ جۆرە ڕوانینێکی بەرامبەر ئافرەت بۆ دروست کردوون؟

فیکر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر زمان هەیە، دەبینین چۆن ئافرەت بە (زەعیفە، شەرەفی پیاو، لاواز و بێهێز دادەنرێت. دواتر دەڕۆینە سەر کێشەکان و وتار و میدیاکان پڕ دەکەین لە بەکارهێنانی کۆمەڵە دەستەواژەیەکی وەک کوژرانی ئافرەت و دەستدرێژیکردنە سەری، لاوازیی بەرامبەر پیاو و هەوڵەکانی بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانی لە ڕەگەزی بەرامبەر!

لە ئەنجامدا، من وەک تاکێک، کە ڕۆژانە لەناو هەر یەکە لەم چەمک و دەستەواژە نێگەتیڤانە هەناسە دەدەم، دەبێت چۆن ڕوانینێکی ئەرێنییانەم بەرامبەر ئافرەت بۆ دروست ببێت و وەک کێشەیەک لێی نەڕوانم؟

لەبری ئەوە، دەکرێت نموونە گەلێک لە وێنەی بەهێزیی ئافرەت، سەرکەوتنەکانی، بوێری و ئەو دەستکەوتانەی بەدەستی دەهێنێت، بڵاو بکرێتەوە، تا جێگرەوەیەک بن بۆ ئەو ڕوانینە نەرێنییانەی هەر لە کۆنەوە لەنێوماندا جێی خۆیان گرتووە و ببێتە والابوونی دەرگایەک بۆ نەوەی دواتر، تاکوو لەناو ژینگەیەکی ئەرێنییانە، کە کۆمەڵێک چەمکی ڕاست و دروست بەرامبەر ئافرەت بەکار هێنراوە و چیدی ئافرەت وەک قوربانی و لاواز و پلەدووی کۆمەڵگە نەبینرێت.

دەبێ پەی بەو مەترسییە ببەین کە فکر لەسەر زمان و زمان لەسەر فکر لە مەسەلەی تێڕوانینی کۆمەڵگە هەیەتی، چونکە زمان و دەستەواژە دروستکەری کەسایەتییە و ڕێگایەکە بۆ ناسینی کەس و شتەکان. بۆیە دەبێ هەوڵی گۆڕینی زمان و هاوسەنگکردنەوەی بدەین، تا ئەو پێناسەیەش بگۆڕین کە لە ڕێگەی سمبولەکانی زمانەوە بە ئافرەت دراوە. ئەمەش زێدەتر ئیشی ڕۆشنبیرانە کە هەوڵێکی جدی و خەمخۆرانە بگرنە بەر، لە بەرامبەر ڕیفۆرمکردنی هەریەکە لەم چەمک و دەستەواژانەدا.

بۆیە زەحمەتە بە پراکتیکی گۆڕانێک لە چاوی کۆمەڵگە بەرامبەر ئافرەت دروست بکەین، هەتا وەکوو ڕیفۆرمێک کار لەسەر لە چەمک و دەستەواژە نەرێنییەکان نەکرێت، کە لە دێرزەمانەوە لە مێشکی تاکی کورددا ڕەگیان داکوتیوە.

******

# هودا پارتی لە نێوان برای دینی و برای خوێنیدا



نووسینی: دلێر محەمەد نوری

هودا پارتی تورکیا کە پارتێکی ئیسلامی کوردی تورکیایە، بەڕێژە گەلێ لە خوار هەدەپەوەیە. چونکە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨دا توانیان تەنها ٠،٣٪ دەنگەکان کۆبکەنەوە بەرانبەر بە هەدەپە کە توانی زیاتر لە ١١٪ ی دەنگەکان کۆبکاتەوە، بەڵام تاکە کاریان بووە بە لەتکردنی دەنگی کورد لە تورکیا و پاڵپشتی کردنی ئەردۆگان. هەرچەندە کاریگەری کردارییان لە خاوکردنەوە هەدەپەدا نییە، بەڵام هەرگیز لە ڕووی ڕاگەیاندن و دەروونییەوە کارەکانیان دژ بە کورد لە تورکیا لە بەرژەوەندی هەدەپە و بەرەی کورددا نییە. ئەمڕۆ هودا پارتی لە تورکیا بە هەموو هێزی خۆی، خۆی خزاندۆتە باوەشی ئاک پارتی دژ بە هەدەپەوە. من هیچ سەیرم لێنایەت کاتێک پارتێکی ئیسلامی کوردی ببینم دژ بە بەرەی گەل کار بکات. لە کاتێکدا ئەوانەی نوێنەرایەتی بەرەی گەل ئەکەن خاوەن بیرۆکەی سۆشیال دیموکرات و ئازادیخوازی بن، لە وێنەی پارتی هەدەپ!!. ئەمان واتا هودا پارتی بە هەمان فەرموودەی ئایینی کار دەکەن کە دەڵێت: "انصر اخاك ظالما ام مظلوما". باوەر ناکەم هیچ یاسایەک هەبێت لە مێژووی مرۆڤایەتی هێندەی ئەم یاسایە نادادپەروەر بێت. هودا پارتیش لەبەرئەوەی پارتێکی ئیخوانیە و هەرچی چەپ و ئازادیخواز بێت بەکافر و زندیقی ئەزانێت، جا با لە بەرە بابی خۆشی بن. بەڵام ئەردۆگانی تورکی ئیخوانی دژ بە کورد، لەبەر تیشکی فەرموودەکە، ئەکاتە برای دینی و پاڵپشتی کردنیشی، دەبێتە ئەرکێکی ئایینی. ئاشکرایە کە خاک و نەتەوە و ئایین سێ پێدراون. دوانیان نەگۆڕ و یەکیان گۆڕاون. خاکی کورد یەک جوگرافیای نەگۆڕە لەم گەردوونەدا. میللەتی کورد یەک میللەتی نەگۆڕی نێو ئەم هەشت ملیارەی مرۆڤایەتییە. بەڵام ئایینی کورد بە درێژایی مێژوو بابەتە گۆڕاوەکە بووە. ئەوە کورتبینی کوردە ئیسلامییەکانە کە هەمیشە پێدراوە نەگۆڕەکان ئەکەن بە قوربانی گۆڕاوەکان. تۆ تەماشاکە ناسیونالیزمی تورک و فارس و عەرەب، هەمیشە ئایین ئەکەن بە پەیژەی سەرکەوتن بۆ گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی!!. بەڵام کوردی ئایین پەروەر هەمیشە نەتەوە و خاک و پیرۆزییەکانی خۆی کردووە بە قوربانی ئایین. هەربۆیە هێزی ئایینی کوردی بەدرێژایی مێژوو بوونە بە هۆی لە ناوبردنی دەستکەوتی نەتەوایەتی و کولتوری خۆیان. فارسەکان مافی خۆیانە شانازی بە شاهەکانی سەفەوییەوە بکەن و تورکەکانیش بە سوڵتانە عوسمانییەکان. چونکە ئەوانە ئایینیان کردووە بە قوربانی نەتەوەکانی خۆیان. دەی پێم بڵێن سەلاحەدینی ئەیوبی چی کردووە بۆ نەتەوەی خۆی تا من شانازی پێوە بکەم؟ باشە گەر سەلاحەدین ئەیوبی ئەمە حاڵی بێ چاوەڕوانی چی بکەم لە سەرکردە و هێزی ئیخوانی ئەمڕۆ؟ لە کەناڵی ڕووداو، چاوپێکەوتنی سەرکردەیەکی هودا پارتم بینی. بەڕێزیان بە شێوەیەک دژایەتی کورد و هەدەپەیان دەکرد و پاڵپشتی ئەردۆگانیان ئەکرد، ڕەنگە ئەردۆگان لە شوێنی ئەوبوایە بڕێکی زیاتر خاتری بگرتینایە. گەلی کورد لە تورکیا وهەدەپە هێندە بە ئەزموون و دڵسۆزن بۆ دۆخی خۆیان، توانیویانە لە نێو دونیای ڕەگەزپەرستی وشۆڤێنی تورکدا بە پێوە خۆیان ڕابگرن و گەشەش بکەن. بەڵام گریانی من بۆ پارتە (نەتەوایەتی و چەپ و ئازایخوازەکانە!) لە باشوور، کە چۆن بتوانن لە سایەی گەندەڵی و خیانەت و ناتەبایی خۆیاندا، خۆیان لە بەردەمی پارتە ئیسلامی و ئیخوانییەکاندا بگرن، گەر هاتوو بە هەمان عەقڵییەتی "انصر اخاك..." مامەڵە بکەن لە گەڵیاندا!؟ ئەبێت پێستی خۆیان لە دەباخانەی ئیخوانی جیهانیدا ببیننەوە. ئەوەی ماوەتەوە، لەمەڕ ململانێی نێوان ئیخوانی کوردی بەرانبەر بە چەپ و عەلمانی، برای خوێنی خۆی، لە باکور و باشور کوردستان بڵێم: عەلمانی و چەپی باکوور گوێت لێ بێ و ئەوانەی باشووریش لەگەڵ ئێوەمە.

*****

بۆپێشەوە FORWARD بلاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بلاّوەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر،وریای رەسام، حەکیم میرزا

## چەند شیعریکی: خالید بایەزیدی (دلێر)



-1

چ ریژنە بارانیکە

دایە گیان

نیگاکانت

لە کام پەڵە هەوردا

شاردۆتەوە

-2

شکۆفەی درەختەکان

لە بارینی فرمێسکی دایکانە

کە بە چاوەروانی لەیلاکانیان

بوون بەمەجنون

-3

ئاسمانی بە هاری دەبارێت

تاکوو کراسێکی خاوێن

لەبەری زەوی بکات

بۆ دەست پێکردنی

وەرزێکی سەوز

-4

منالان دەکرین

لەبەر...

بێ دایکی جیهان

-5

دانی گورگەکان

دەبریسکێتەوە

لە کاسەی بەتاڵی هەژاران

-6

کە دەنووسم دایە

هەورەکان

یەکە یەکە

کۆدەبنەوە

ئاسمان

بە ریژنە دەست دەکا

بە بارین

-7

جیهان!

تابلۆیەکی جوانە

وێنە کێشەکەشی

کریکارانن

بەلام!

هەڵواسراوە

بە گۆشەکەی سەرمایەداران

-8

جیهان!

جێگایەکی ئەمن نییە

بۆ گوڵەکان

هەر بۆیە

تووم لە دڵدا رواند

تاکو و هەرگیز

درکەکان

پەرەی گوڵ

هەڵنەوەرێنن

*******



## "هەشتی ژن!!"

جا ئەڵێن کابرا شەلم کوێرم ئەنووسێ، ئاخر ئەی ئەگەر نەنووسم چیبکەم، جارێ ئەوە لە داخی ساویلکەیی و داماوی ژنی کوردا!! مەگەر قوری دنیا بگرینەوە..

کابرایەك هەیە، بە حساب شاعیرێکی تا ڕادەیەك ناوداری پایەتەختی ڕۆشنبیریە و چەند شیعرێکیشی لە قۆناغی سەرەتایی خوێندندا ئەخوێنرێن، ڕۆژانە خەریکی کۆڕی شیعر و شتە، هەواادارانیشی سێ بەشیان ژنانی خۆشباوەڕ، خەوخۆش، چەپڵەوەشێن، ئێ مەعلومی هەموو لایەکیشە شاعیر و نووسەر و مووسەر و شتیوا، ئەبێ زمانزانێکی باشبێ، تەنانەت نابێ لە زمانی بازاڕ و کوچە و کۆڵانانیش بێخەبەربێ..

ئا لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو، کاکەی شاعیر وەك خەمخۆرێکی سەرسەختی ژن، سەروگوێلاکی چەندین وشە و نیوەدێڕی بۆ هەشتی مارس هەڵپاچیبوو..

وەختێ پۆستەکەیم بینی، لە سەری سەرەوە دەستەواژەی (8ی ژن)م کەوتە بەرچاو، تۆمەز باوانێکتە شیعرەکەی ناونابوو هەشتی ژن!

لە کۆمێنت هیچم نەنووسی، وتم ڕەنگە بەسەریا تێپەڕیبێ، بۆیە چوومە مسنجێر، نووسیم:

ـ "کاکە ئەو ناونیشانە بگۆڕە"

ـ "بۆچی؟!"

ـ "ببوورە کاك فلان، یەعنی تۆ نازانی لە کوردەواریدا، بە تایبەت لە باشور، ژمارە هەشت ئاماژەیە بۆ ئەندامی مێینەی ژن، پێنج بۆ کۆم و یەکیش بۆ ئەندامی نێرینەی پیاو؟!"

کەچی لە وەڵامدا هەستم بە لوتبەرزی و غرورێکی تۆکمەی ئەو شاعیرە کرد، وەختێ نووسی:


ـ "سوپاس، خەمت نەبێ من زۆر لەوە گەورەترم عاجزبم لە ڕەخنە، پێویستیش ناکا بڵێی ببوورە، ئێستا ناونیشانەکە ئەگۆڕم"

سەیرتر لە هەمووی، چەندین خانم لەسەر ئەو هەشتی ژنە، یەك دنیا دەستخۆشی و ئیمۆجی دڵ و گوڵ و ستایشیان بۆ ناردبوو!

نووسین: ئارام حەسەن



دوو بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای رەسام



# ناڕەزایەتی بزوتنەوەی کرێکاری فەڕەنسا



نووسینی: عبدالرحمن رسول

کرێکاران خاوەن ئیرادەی تێکۆشانن بۆ هێنانەدی ماف و ژیانێکی باشتر، هەمیشە ئاسۆیەکی گەشن بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشترو نوێ تر. لەدرێژەی ناڕەزایەتی خۆپیشاندانەکانی کرێکارانی فەڕەنسا دژ بە پڕۆژەی بەناو چاکسازی حکومەتی فەڕەنسا بەردەوام ڕۆژانە کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش لەشەقام وخیابانەکان ناڕەزایەتی نیشان دەدەن.

هۆکاری ناڕەزایەتییەکان بەهۆی پڕۆژەی چاکسازی خانەنشینی لە ١٠ی ژانویە پێشکەش کرا کە دواتر کاردانەوەی جەماوەری لێکەوتەوە بەهۆی ئەوەی خودی پڕۆژە یاساکە گۆڕانکاری دروست دەکات لە یاساکانی خانەنشینی و تەمەنی خانەنشینی لە تەمەنی ٦٢ساڵی بۆ ٦٥ ساڵی. لەهەمانکاتدا ژیانی خەڵک بەگشتی قورسایی زیاتر دەکەوێتە سەر بەتایبەت کرێکاران و مامۆستا و فەرمانبەران.

هەروەها ئەم پڕۆژە یاسایە بەزیانی پەنابەرانە. پڕۆژەی بەناو چاکسازی کە ماکرۆن و (ئەلیزابێس بۆرن) سەرۆک وەزیران بەرگری لێ دەکەن، بریتییە لە گۆڕانکاری کردن لە چەند یاسایەک. بە گۆڕانکاری کردن لەهەر یاسایەک بەزیانی مافی بەدەست هاتوویی کرێکاران و خانەنشینان و پەنابەرانە.

لەدرێژەی خۆپیشاندان و نارزایەتییەکاندا ڕۆژی شەممە ٢٥ی ئازار، خۆپیشاندانی دژی یاسای پەنابەری و کۆچبەری، کۆمەڵێک کۆمەڵە و چالاکوانی کۆکردەوە. لە ئێستادا پڕۆژە یاساکە لە ئەنجومەنی پیراندایە پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی. دەبێت ڕێگری لە حکومەت بکرێت کە جێبەجێی بکات. گەڕانەوەی زیاتری مافەکان مەحاڵە قبوڵ بکرێت.

ماری ئەلبێرا مێینی یەکێک لە کەسایەتییە چەپەکان دەڵێت: لەبەرچاونەگرتنی دەنگی خەڵک، کەوایە نوێنەرەکانمان بەدیموکراسی ناوزەد ناکرێت، بەڕاستی ئێمە لە دیکتاتۆرییەتێکداین، ئەم حکومەتە هیچ شەرعیەتێکی نییە.

یەکێکیتر لەژنانی بەشداربوویی خۆپیشاندانەکان جینی پییێر مێرسێر لە ڕێکخراوی سی جی تی (کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکاران CGT ) دەڵێت هێزی ئێمە ژمارەکانمانە! وە چەکەکانمان، مانگرتنە بە داگیرکردنی شوێنی کار و خۆپیشاندانەکانمان! بەم شێوەیە سەردەکەوین! کردەوەی دڕندانەی پۆلیس بێ دەنگمان ناکات! هەموومان بەردەوام دەبین لەمانگرتن تاکە گرێنتی ڕێگریکردن لەم چاکسازییە ڕزیوە مانگرتن و خۆپیشاندانە! با هەموومان نموونەی هاو زبڵ کۆکەرەوەکانمان بین!

سکرتێری سی جی تی دەڵێت چاکسازی لە خانەنشینی: "دەبێت یەک ئاست بەرز ببینەوە" دیمیتری دیسورمون لە CGT de Pau دەڵێت بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دژی چاکسازی خانەنشینی بەردەوامە، لەنێویاندا لە پاو، کە CGTداوای گەورەکردنی ناڕەزایەتییەکە دەکات، بە مەرجێک دەقەکە وازی لێ نەهێنرێت. دیمیتری دیسورمون، سکرتێری گشتی سەندیکای ناوخۆیی سی جی تی (کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکاران) لە پاو و گەڕەکەکانی دەرەوەی شار پێداگری دەکات و دەڵێت "لەلای ئێمەوە وازناهێنین". سەرۆک ئیمانوێل ماکرۆن بەنیازی ئەوە نییە دەستبەرداری چاکسازی خانەنشینی بێت، نەیارانیش، بە خەیاڵدا نایەت لەوێ بوەستن، سەرەڕای کۆتایی هاتنی مشتومڕەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی پیران. لە سەروبەندی ڕۆژێکی نوێی کۆکردنەوەی نێوان سەندیکاکان، پێنجشەممە لە ٢٣-٣-٢٠٢٣ خوێندکاران گەمارۆیەکیان لە پاو ڕێکخست هەروەها، لە چوارشەممە لە ٢٩-٣-٢٠٢٣ لە شوێنی زانکۆکە، بۆ ڕاگرتنی خولەکان لە زانکۆی U P P A .

CGTدیمیتری دیسورمون، ئەمینداری گشتی یەکێتی ناوخۆیی CGTی پاو و دەوروبەری شارەکە پشتڕاست دەکاتەوە: "هیچ هۆکارێک نییە بۆ ڕەشبینی لەبەرئەوەی هەموو بەیانییەک زیاتر لە 200 کەس لە ئێمەبە کردەوە دەڕۆین لەسەر بانگەوازی... .CGTژمارەکانی خۆپیشاندانەکانیش بۆ خۆیان قسە دەکەن، ئێمە لە 7ی ئازاردا 22 هەزار بووین. لە یادی چالاکوانێکدا، ئەوە بەرچاوە. ئێمە ئەوەمان نەبینیوە لە ساڵی 1995 و بۆ هەندێک، تەنانەت لەساڵی 1968. ئێمە دەزانین کە خەڵک لەوێیە و دەیانەوێت شەڕ بکەن".

دیمیتری دیسورمون ڕوونی دەکاتەوە کە ئێستا پێویستە بزووتنەوەکە بەهێز بکرێتەوە. ئاماژەی بەوەشکردووە، "ئەوە تاکە ڕێگایە کە حکومەت بچەمێنێتەوە، ئەوە کاتێکە کە دەچین و بە شێوەیەکی بەرفراوان جزدانەکە لەدەستیان دەردەهێنین و کاتێک وڵات دەهێنینە وەستان". هەروەها یەکێک لە کەسایەتییەکانی بەشداری خۆپیشاندانەکان فۆرس ئۆڤرییر دەڵێت: سەرەڕای بێڕێزی ئەم حکومەتە. بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان سەرەڕای بێڕێزی ئەم حکومەتە. وازیان لێناهێنن. ئەگەر پێویست بوو ڕەقبوونەوە، سەربازەکان کۆدەبنەوە و حکومەت ئەوەی بەدوایدا دەگەڕا دەیگەڕێنێتەوە. چۆن حکومەتێکی بەناو دیموکراسی ئەوەندە بێڕێزی بە خەڵکەکەی دەکات و جارێکی دیکە 49.3ی پێدەدات. با هەموومان لەسەر شەقام بین!! گرنگە هەموو سەندیکاکان، پیشەی خوێندکاران. با لەسەر شەقام بین. ئافەرین بۆ هەموو ئەوانەی دوێنێ دەستیان پێکرد. وازیان لێناهێنن. میدیا و ڕاگەیاندنەکان ڕۆژانە هەواڵی خۆپیشاندانەکان بڵاودەکەنەوە، تەنانەت بەشێک لەهەواڵەکان توندوتیژی هێزەکانی پۆلیس نیشان دەدات بەرامبەر بەخۆپیشاندەران و کە خۆپیشاندەران بریندار دەکرێن و ڕاپێچی زیندانەکان دەکرێت، بەپێی زانیارییەکان لەسەرەتایی خۆپیشاندانەکانەوە نزیکەی هەزار کەس زیندانیکراوە. پۆلیس فشار دەخاتە سەر خەڵک بۆئەوەی خۆپیشاندانەکان کەم بکرێنەوە، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەپێی بەڕێوەبردنی نەخشەی پلانی فیدراسیۆن وڕێکخراوە کرێکارییەکان بەشداری کردنی خەڵک زیاتردەبێت، ئاخر ئامار بەشداری کردنی خەڵک لەخۆپیشاندانەکان بۆتە سێ ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەس زیاتر بەشداربووە، هەروەها ئەمڕۆ ٢٩-٣-٢٠٢٣ ئاگادارییەک بڵاوکراوەتەوە لەلایەن سەرجەم ڕێکخراوەکانەوە کە ڕۆژی ٦ی نیسان ٢٠٢٣ خۆپیشاندانی سەرتاسەری گشتی ئەنجام بدرێت کە زۆرینەی کەرتەکانی حکومەت بگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە خۆپیشاندان بەشێوەی چالاکی جۆراوجۆری جەماوەری درێژەی هەیە لەزۆرێک لەشارەکاندا.

دروشمەکانی ناو خۆپیشاندانەکان بەشێکیان ئەمانەن :

-ئێمە هیچ شل ناکەین!

- دەسەڵات لۆجستیکە!

با بلۆک بکەین تا گوێمان لێ بێت.

- ئێمە بەهێز و ئیرادەین.

-سانسۆری جەماوەری چاکسازی لە خانەنشینی

- دروشمەکان زیاتر و زیاتر چەقۆکێش دەبن و دانیشتووان زیاتر و زیاتر تووڕە دەبن!

-ماکرۆن، تۆ لە سنوورەکان تێدەپەڕیت."

-"ئاو لە ١٠٠ پلە دەکولێت، مرۆڤ لە ٤٩,٣!"

- با بۆ خۆمان و منداڵ و نەوە و نەوەکانی داهاتوو خەبات بکەین.

-ئەوانەی شەڕ دەکەن چانسی سەرکەوتنیان هەیە!

-ئەوانەی هیچ ناکەن پێشوەختە خەساریان کردووە و ناتوانن گلەیی بکەن!

- ئەوانەی هەست بە نیگەرانی ناکەن هاوکاری دەکەن و ناتوانن گلەیی بکەن!

بەیاننامەی ڕۆژنامەوانی CGT FSU S O L I D A R I T Y

CGTو FSUو Solidairesهێرش دەکەنە سەر ئەنجومەنی دەوڵەت لەسەر فەرمانی بیمەی بێکاری

هەموو سەندیکاکان بە هاوبەشی تانە لە ئەنجومەنی دەوڵەت دەدەن لە دژی فەرمانی بیمەی بێکاری کە لە ٢٦ی ١ی ٢٠٢٣ بڵاوکرایەوە کە کەمکردنەوەی مافەکان بە چارەکێک لە زۆرترین ماوەی قەرەبووکردنەوە لە ١ی شوباتەوە ڕێکدەخات. بەم شێوەیە کرێکارانی ناجێگیر لە مانگی ئەیلولەوە ٢ مانگ دەرماڵە لەدەست دەدەن و کەسانی بەساڵاچوو تا ٩ مانگ، واتە سێ چارەک بۆ خانەنشینیش لەدەست دەدەن. ئەگەر حکومەت بەردەوام بێت لە ناچارکردنی چاکسازی خانەنشینی، نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە هەمان ستراتیژی بەکارهێناوە، سەرەڕای دژایەتی کۆی دەنگی هەموو ڕێکخراوەکانی سەندیکاکان بۆ چاکسازی لە بیمەی بێکاریدا. چاکسازییەکی نادادپەروەرانە و ناڕەوا کە کەمێک زیاتر مافی ئەو کەسانە دەشکێنێت کە لە دامەزراندن بێبەشن بە یەکخستنی بنەمای دژە خولیی، کە پێکهاتووە لە دابەزاندنی مافەکان لە ئەگەری دابەزینی فەرمی بێکاری. لە ڕاستیدا کەمکردنەوەی ٢٥% لە زۆرترین ماوەی یارمەتییەکان بۆ کرێکارانی بێکار ڕێکدەخات.

حکومەت لە ڕێگەی چاکسازییە جۆراوجۆرەکانییەوە، خەریکی ڕێکخستنی زیانە گشتییەکانی سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتیمانە. هەر لەبەر ئەمەشە کە CGTو FSUو Solidairesداوای کشانەوەی هەموو چاکسازییەکانی مافی کۆمەڵایەتی کرێکاران و کرێکاران و بێبەشکردنی کار دەکەن و داوای بنیاتنانی مافی نوێ دەکەن.

-کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکاران CGT

-فیدراسیۆنی هاوپشتی یەکگرتووFSU

-هاودەنگی Solidaires

مۆنترۆیل، ٢٤ی ئازاری ٢٠٢٣

داواکارییە سەرەکییەکانی خەڵکی نارازی:

١-هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری خانەنشینی کە حکومەت بڕیاریدابوو تەمەنی خانەنشینی لەتەمەنی ٦٢ساڵی بۆ ٦٤ یان ٦٥بگۆڕێت. بەشێک لەڕێکخراوەکان لەوانە ڕێکخراوی هێزی کار داوادەکات تەمەنی خانەنشینی بکرێتە ٦٠ ساڵ. خەڵکی نارازی بەیەک دەنگ ئەم بڕیارەیان ڕەتکردەوە داوایان کرد تەمەنی خانەنشینی ٦٢ساڵ بێت نەگۆڕدرێت.

٢- تەمەنی خانەنشینی حکومەت بڕیاری داوە کەبۆ ماوەی ٤٣ ساڵ بەشداربن لە بڕێک پارە بدەن وەک قیستی ساڵانە بدەن بە حکومەت خەڵکی نارازی داوایی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەیان کرد.

٣- زیادکردنی بڕی کەمترین خانەنشینی بۆ 85%ی کەمترین مووچەی مانگانە واتە ١٢٠٠ یۆرۆ بێت.

٤-پێدانی موچەو کرێی یەکسان بۆ ژنان وپیاوان.

ئەم سەندیگاو نەقابە کرێکارییانە بەشداربوون لەو خۆپیشاندانە و ڕێکخراوکردنی.

١-کۆنفیدراسیۆنی گشتی کار CGT

٢-فیدراسیۆنی هاوپشتی یەکگرتووFSU

٣-هێزی کار FO

٣-لیژنەی تەندروستی وسەلامەتی CHS

٤-کۆنفیدراسیۆنی کرێکاری دیموکراتی فەرەنسی C F D T

٥-باجی موڵک وماڵی لەسەر کۆمپانیاکانC F E

٦-کۆنفیدراسیۆنی گشتی بەڕێوەبەرانی فەڕەنسی C G C

٧-فیدراسیۆنی پەروەردەیی پیشەکان U N S A

٧-خزمەتگوزاری دیجیتاڵی SNI

کۆنفیدراسیۆنی گشتی کرێکاران CGT

٢-فیدراسیۆنی هاوپشتی یەکگرتووFSU

٣-هێزی کار FO

٣-لیژنەی تەندروستی وسەلامەتی CHS

٤-کۆنفیدراسیۆنی کرێکاری دیموکراتی فەرەنسی C F D T

٥-باجی موڵک و ماڵی لەسەر کۆمپانیاکانC F E

٦-کۆنفیدراسیۆنی گشتی بەڕێوەبەرانی فەڕەنسی C G C

٧-فیدراسیۆنی پەروەردەیی پیشەکان U N S A

٧-خزمەتگوزاری دیجیتاڵی SNI

٨-یەکێتی فیدراسیۆنەکانی خزمەتگوزاری گشتی U F F A

٩-یەکێتی خوێندکارانی ئامادەیی FIDL

١٠-حیزب وڕێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان بەشێوەیەکی فراوان ڕۆژانە بەشدارن .

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی چواردەهەم

## ریفۆرم و شۆڕش

## قەدەغەکردنی جیاکاریی نەژادی




### قەدەغەکردنی جیاکاریی نەژادی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لێبڕاوانە لە دژی هەرجۆرە جیاکاریەکی نەژادی و نەژادپەرستانە خەبات دەکات. نە تەنها هەرجۆرە جیاکاریەک لەسەر بناغەی نەژاد دەبێ ڕاشکاوانە لە یاساکانی وولاتدا قەدەغە بکرێت، بەڵکو دژایەتیکردنی لێبڕاوانەی جیاکاریی نەژادی لەئاستی جیهاندا دەبێ بەشێکی هەمیشەیی سیاسەتی دەرەوەی وڵات پێکبهێنێت.

### سڕینەوە ستەمی نەتەوەیی

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێدەکۆشێ لەپێناو سڕینەوەی تەواوی هەرجۆرە ستەمێکی نەتەوەیی و هەرجۆرە جیاکاریەک لەسەر بناغەی ئینتیمای نەتەوەیی لە یاساکانی وولات و کارکردەکانی دەولەتدا. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ناسنامەی نەتەوەیی، دەمارگیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیزم بە بیروباوەڕ و مەیلێکی زۆر دواکەوتوو، تێکدەر و ناکۆک لەگەڵ پیرۆزیی ئینسان و ئازادی و یەکسانیی ئینسانەکاندا دەزانێ و لێبڕاوانە لە دژی هەرجۆرە دابەشکردنێکی نەتەوەیی دانیشتووانی وولات و هەرجۆرە پێناسەکردنێکی شوناسی نەتەوەیی بۆ خەڵکی، دەوەستێتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری دامەزراندنی نیزامێکە کە تیایدا دانیشتوانی وولات بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوە یان هەستی ئینتیمای نەتەوەیی خۆیان، ئەندامانی خاوەن مافی یەکسانی کۆمەڵگا بن و هیچ جۆرە جیاکاریەک چ بە پۆزەتیڤ و چ نەگەتیڤ لە بەرامبەر خەڵکی سەربە نەتەوە جیاجیاکاندا پیادە نەکرێت. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تێکۆشان لەپێناو سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و جێگرتنەوەی بە ناسنامەی چینایەتی و ئینسانیی گشتی و جیهانیی کرێکاران بەئەرکێکی بنەڕەتیی خۆی دەزانێ.

وەکو پرەنسیپێکی گشتی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری پێکەوەژیانی خەڵکی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەیەکی ووڵاتیی گەورەتردا کە ڕێکخستنی ڕیزی بەهێز و توانای کرێکاری لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا ئاسان دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی نەتەوەیی و دژایەتی نێوان خەڵکی سەربە نەتەوە جیاجیاکان پێکەوەژیانی ئەوانی لەچوارچێوەی ووڵاتەکانی ئێستادا دژوار و پڕ دەردەسەر کردووە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری مافی جیابوونەوەی نەتەوە ستەملێکراوەکان و پێکهێنانی دەولەتی سەربەخۆ لەڕێگەی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای خودی ئەو خەڵکە، بەڕەسمی دەناسێ.

### مەسەلەی کورد

بە ڕەچاوکردنی؛ پێشینەی دوورودرێژی ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کورد لە هەموو وولاتانی ناوچەکەدا، دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق وەکو دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی عەرەبی و دانی مۆری ئەتنیکی و نەتەوەیی جیاواز لە ناوچەوانی دانیشتوانی عێراق، پراکتیزەکردنی جیاکاری نەتەوەیی و ئەتنیکی دەرهەق بە دانیشتوانی غەیری عەرەب زمان کە هۆکاری دابەشکردنی دانیشتووانە لەسەر بناغەی ئینتیمای نەتەوەیی و ئەتنیکی، کردنی ئەم جیاکاریە بە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی قەوارەی دەسەڵاتی بۆرژوازی ئەم وڵاتە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەعێراق هەستی نەتەوەییان دنەداوە و ئاگری ڕق و کینە و پاکتاوکردنی نەتەوەیی و ئەتنیکییان خۆشکردوە و سەرکوتی خوێناوی خواستی ڕەوای جەماوەری کوردستان بۆ ڕزگاربوون لەدەست ستەمی نەتەوەییان پیادەکردوە، ئەمە و ململانێیان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد و جەنگیان لەبەرانبەر بزووتنەوە ئۆتۆنۆمی خوازەکانی کوردستانی عێراقدا، کینە و قڵشتی نەتەوەییان کردوەتە یەکێک لە سیما دزێوەکانی کۆمەڵگای عێراق. لە پاش جەنگ و داگیرکاریی عێراق و ڕوخاندنی دەسەڵاتی بەعسیش، نەخشەکانی ئەمریکا و بۆرژوازی عێراق بۆ سەرلەنوێ سازدانەوەی دەوڵەت لەسەر بنەمای دابەشکاریی نەتەوەیی، ئەتنیکی و دینی، قەڵەشت و ڕکەبەری نەتەوەییان لە عیراقدا قوڵتر کردوەتەوە. لە ئاکامی هەموو ئەمانەدا پێکەوە ژیانی ئاسودە و دوور لە دەردەسەری خەڵکی کورد و عەرەب لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچەدا سەخت و دژوار بووە.

کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی قەومی-ئیسلامی ئیستای عێراق و هاتنەسەرکاری دەوڵەتێک کە دوور لە ناسنامەی نەتەوەیی و دینی و مەزهەبی بە چاوێکی ئازاد و یەکسان تەماشای هەموو دانیشتوان بکات، دەتوانێ کۆتایی بەم کێشە و دووبەرەکیە بهێنێت. بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی دەوڵەتی کرێکاری کە ئەلتەرناتیڤی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریە، بەشێوەیەکی ڕیشەیی ئەو کێشەیەش چارەسەر دەکات. لە هەمان کاتدا تا کاتێک ئەم هەلومەرج و کێشەیە بەردەوام بێت، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری خەبات دەکات بۆ چارەسەری ئەم گرفت و کێشەیە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافی جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە ڕێگەی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی ئازاد و گشتیەوە و هەروەها لە دژی هەرجۆرە هەنگاوێکی توندوتیژ و سەربازی بۆ بەرگرتن بەم هەڵبژاردنە ئازادانەیە دەوەستێتەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تیدەکۆشیت بۆ یەکلایی کردنەوەی دەستبەجێی ئەم مەسەلەیە و دەرکێشانی خەڵکی عێراق و کوردستان لە ژێرباری ڕکەبەری نەتەوەیی لە ڕێگەی بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازادەوە لە ناوچە کوردنشینەکانی باکوری عێراق لەژێر چاودێری دامودەزگا ڕەسمیە نێونەتەوەییەکاندا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەڵاڵە جۆاوجۆرەکانی فیدرالیزمی نەتەوەیی بۆ کوردستان کە لەلایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە دەخرێتە ڕوو، نە تەنها بە هەنگاوێکی ڕوولەپێش نازانێت بەئاقاری چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە، بەڵکو ئەمانە بە گەڵاڵەیەک دادەنێ بۆ هەتاهەتایی کردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردو غەیرە کورد لە چوارچێوەی وڵاتێکی یەکپارچەدا، هەروەها بۆ ئەبەدیکردن و شەرعیەت دان بە جیابوونەوە نەتەوەییەکان و زەمینەسازیی بۆ درێژەپێدانی دژایەتی و کێشمەکێشە نەتەوەییەکان لە ئایندەدا.

هەروەها حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە دژی هەر چەشنە هەوڵێکی کۆنەپەرستانە بۆ جیاکردنەوە و بەگژیەکداکردنی دانیشتوانی کوردزمان و باقی دانیشتوانی کوردستان و عیراق ڕادەوەستێ و خەبات دەکات لەپێناو دورخستنەوەی جەماوەری کوردستان لە ململانێ و کێبەرکێی کۆنەپەرستانەی نێوان ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەرجۆرە بڕیارێک لەبارەی ئایندەی سیاسی کوردستانەوە کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی، وەیان ڕێککەوتنی سەروخەڵکیی نێوان دەوڵەت و حزبە محەلیەکان پیادە بکرێت، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە بە نامەشروع و دژ بە ئیرادەی سیاسی ئەوان دادەنێت.

ماویەتی

**کۆمۆنیزمی کرێکاری هەرجۆرە بڕیارێك لەبارەی ئایندەی سیاسی کوردستانەوە کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتیی خەڵکی کوردستان و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی، وەیان ڕێککەوتنی سەروخەڵکی نێوان دەوڵەت و حزبە محەلیەکان پیادە بکرێت، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی سیاسی خەڵکی کوردستانەوە بە نامەشروع و دژ بە ئیرادەی سیاسی ئەوان دادەنێت...**

# لە حەوتەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی بۆپێشەوەدا، ژمارەیەك لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس، هونەرمەند و سیاسی .... بۆچوون و سەرنج و پێشنیاراتی خۆیان دەخەنە ڕوو...

**بۆپێشەوە: خاڵە بەهێزەکانی بۆپێشەوە کامانەن و چۆن دەکرێت، بەرەو پێشتر ببرێت؟**



**بەرزان شەللال:** بۆپێشەوە بڵاوکراوەیەکی سەنگینی نێو ڕۆژنامەوانی کوردییە. دەستی بە زۆر بواردا گەیشتوەو گشتگیرو هەمەچەشنە. سەلیقەو پیشەگەریتی پێوەدیارە. هیوام سەرکەوتنتانە.

**بۆپیشەوە: بۆپێشەوە خاوەنی چەندین گۆشەو تەوەرەی جێگیرو تایبەتە، وەکو" پرسی رۆژ، گۆشەی ژن، تەوەرەی ئەدەب و هونەر، دۆسیەی ژمارە...تاد"، سەرنجتان لەسەر ئەو گۆشەو تەوەرانە چییە؟**



**جیهاد حەمەکەریم:** کاک ئاراسی خۆشەویست، سڵاو و خۆشەویستیم هەیە بۆ خۆت و بۆ ماندووبوونتان. ئەو تەوەر و گۆشانەی بۆ بۆپێشەوە حەیاتییە، زیندووڕاگرتنی بۆپێشەوەیە، بەهێزی و پڕ نووسینی ئەو تەوەر و گۆشانە کاری ڕۆشن و ڕۆشنبیریی خوێنەرانە دانسقەیە، کاری وا ڕۆژنامەنووسیی؟ و ڕۆژنامەگەریی بەهیوای بەردەوامیتان.



**عەلی محەمەد ئەمین (نووسەرو ڕۆژنامەنووس):**

**سەرەتا بە بۆنەی حەوتەمین ساڵی دەرچوونی بڵاوکراوەی (بۆپێشەوە) وە، گەرمترین پیرۆزباییتان لێدەکەم و دەستی ماندووبوونتان دەگووشم، سوپاستان دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان بۆ ڕەخساندم تا بە پێی توانا سەرنج و تێبینی خۆم لەسەر بڵاوکراوەکە بدەم و چەند پێشنیارو داواکاریەک بخەمە ڕوو ....**

لە ڕاستیدا (بۆپێشەوە) ژمارە دوای ژمارە هەندێ پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوەو گۆرانکاری بە ئاراستەی باشتربوون و کاریگەری زیاتر تیایدا ڕوویداوە، وێرای ئەمەش بەردەوام لە کات و ساتی بڕیاڕدراوی خۆیدا دەرچووەو هەوڵی داوە وەک بڵاوکراوەیەکی سۆشیالیستی خۆی بە خوێنەران بناسێنێ و لەم نێوەدا دەنگ و ڕەنگی ئازادیخوازانێکیش بەیان کات کە ئومێدو ئامانجیان بە ڕەوتە ناسیونالیست و کۆنەپەرستەکانەوە نەبەستووە، بۆ ئەمەش هەندێک دەرفەتی ڕەخساندووە بۆ ژمارەیەک لە نووسەر، با حیزبیش نەبن، بیروبۆچوونی خۆیان لە دوتوێی لاپەڕەکانیدا بخەنەڕوو، هاوکات ئەوەش باشە کە بابەتەکان جۆراوجۆرایەتیەکیان پێوە دیارە، بەو مانایەی کە بابەتی سیاسی و فیکری و ئەدەبی و هونەری .... لەخۆگرتووە.

بۆ ئەوەی (بۆ پێشەوە) وەک ناوەکەی بۆپێشەوە هەنگاوی زیاتر بنێ و کاریگەری بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی خەباتی زۆرلێکراواندا دابنێ و ئاسۆو ئامانجی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتووخوازەکان ڕوونتر دەرخا، باشتر وایە کە زیاتر پێداگیری لەسەر بەرەوپێشچوونی خۆی بکاو بەپێی گۆرانکاری بارودۆخەکان و پێداویستیەکانی، گۆرانکاری زیاتر لە خۆیدا بکا، ئەویش بەوەی هەوڵبدا هەرچی زیاتر ببێتە زمانحاڵی بزووتنەوەی یەکسانیخواز و ئازادیخواز، بەو واتایەی زمانحاڵی یەک ڕەوتی سیاسی حیزبی بچوک و بەرتەسک نەبێ و وەهای لێبێت بۆ بڵاوکردنەوەو خوێندنەوەش، نووسەران و تێکۆشەران خۆیان ڕوو لە (بۆپێشەوە) بکەن و بە مینبەری دەنگ و ڕەنگی خۆیانی بزانن، هەروەها هەوڵبدرێت کە بابەتی فیکری ڕوون و بەهێزی تێدابێت، نەک هەر ئەو بابەتە فیکری و تیۆریانە کە بیرمەندانی ڕێبازەکە چەندین ساڵ پێش ئێستا خستوویانەتە ڕوو، هەموو دەزانین تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو بیرو بۆچوونانەدا و کەڵەکەبوونی ئەزموونی زیاتر و گۆڕانکاری زۆر لە بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی و عێراق و کوردستاندا لە زۆر ڕووەوە، دەخوازێ کە بۆچوون و تێگەیشتنی نوێ بخرێتە ڕوو، هەروەک وتراوە بیروباوەڕەکە بەستەڵۆک نییە، بەڵکو ڕێبەری کارکردنە، با بۆپێشەوە ئامێزی خۆی والاکات بۆ سەرنج و تێبینی و پێداچوونەوەو ڕەخنەی بنیاتنەرانە و ڕاڤەو شیکاری نوێ بۆ بارودۆخی هەمەلایەنەی سیستمی ئێستای سەرمایەداری چۆنێتی بەگژداچوونەوەی...، لەم نێوەدا ئەگەر بابەتی وەرگێڕدراویش لە زمانەکانی ترەوە هەبێت زۆر باشە، بەڵام بە زمانێکی سادەو ڕوون، ئەم زمانی سادەو ڕوونە، با لە بڵاوکردنەوەی هەموو بابەتەکاندا، بەهەند وەربگیرێ، تا هەموو خوێنەرێک بە ئاسانی لە واتاو پەیامی بابەتەکان بگات، خۆ ئەگەر پێویست بکاو دەسبکەوێت، لەگەڵ بابەتەکاندا جگە لە وێنەی نووسەر وێنەی بەڵگەنامەیی یاخود کاریکاتێری .... دابنرێ، هەروەها بە پێویستیشی دەزانم هێندە ناوی چەند کەسانێکی نووسەر، باحیزبیش بن و لە پلەو پۆستی باڵاش دابن دووبارە و سێ بارە نەبنەوە، ئاگەر هەر زەرورەت پێویستی کرد نووسەرێک دووبابەتی هەبێ، با هەمووی بە ناوی خۆیەوە نەبێت، هەروەها هەوڵبدرێت وتارو بابەتەکان دووربن لە مەیلی ئیرادەگەری بێ ڕەچاوکردنی بارودۆخ و یاری بە دروشم و داواکاری و ئارمان و ئامانجەوە نەکرێت و بابەتەکان دارشتن ئاسا نەنووسرێن و بڵاونەکرێنەوە...

هەر ئێستاکەش وەک هەموو دەزانین، بە هۆی سیستمی حوکمڕانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوەو بە هۆی کارو چالاکی فریودەرانەی لایەنە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانەوە، خەڵکێکی زۆر بێ ئومێد بووە، وێرای بێ ئومێدیش کە زیانبەخشێکی مەترسیدارە، بارودۆخەکە گەیشتووەتە ئاستێک خەریکە مۆری تاوانکاری لە تەوێڵی حیزبی بەعسی ڕوخاو وسیستمە دیکتاتۆریەکەی دەسرێتەوەو هەندێک مژدەی گەڕانەوەی پاشماوەکانی ئەو ڕژێمە نەگریسە ئەدەنەوە، هەندێکیش بە شێوازی حوکمڕانی ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی ناوەندا هەڵئەدەن و پێیانوایە ئەگەر دەسەڵاتی هەمەلایەنە بچێتەوە دەست بەغدا، بارودۆخەکە بەتەواوی باش دەبێت، لەم نێوەدا بە دروستی دەزانم ئەم بڵاوکراوەیە هەوڵی گێڕانەوەی هیواو ئومێد بۆ خەڵکی زۆرلێکراو بگەڕێنێتەوەو بابەتەکانی بە ئاڕاستەی هەرچی زیاتر ڕسواکردنی هەموو ئەوانە بکا کە مێژووی دەسەڵاتداریتیان پڕە لە تاوان و بەهەدەردانی سەروەت و سامان و نادادوەری و سەرکوتی ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان.. لەکۆتاییدا دەڵێم با بابەتگەلی زۆرترو جۆراوجۆرتر لە دووتوێی لاپەڕەکانی بۆ پێشەوەدا پەخشکرێ و بابەت لەسەر زۆرێک تەنگ و چەڵەمەو بزووتنەوە ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکان بڵاوبکرێتەوە و جگە لە بزووتنەوەی کرێکاران، بزووتنەوەکانی ژنان و خوێندکاران و لاوان و جوتیاران و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان ... بەسەر بکرێنەوەو باس و خواسیان بەشێوەی جۆراوجۆر لەسەر بڵاوبکرێنەوە...

**لە یادی ساڵڕۆژی بڵاوبوونەوەی بۆ پێشەوە، د.سەلاحی گەرمیان.**



**هەر لەسەرەتای دەرچوونی یەکەم ژمارەیەوە لە یەکی نیسانی ٢٠١٧ ەوە، بۆپێشەوە وەک سەکۆیەکی ئازاد و پێگەیەکی داکۆکیکار، جەختی کردووەتەوە** لە پێداگریکردن لەسەر مافی چین و توێژە ستەمدیدە و بەشخوراوەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و لە هەوڵی هوشیارکردنەوەی خوێنەرانی بووە بەرێی پەردەلادان لەسەر دیاردە دزێوەکانی ناو کۆمەڵگە و سیاسەتی نارەوای دەسەڵاتی خۆسەپێن و قۆرخکاری حیزبی و بنەماڵەیی.

بۆپێشەوە، بەردەوام بەدواداچوونی کردووە لەسەر پرسە هەنووکەیی و هەستیارەکاندا لە بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەند بە خەڵکی کوردستان، کە لە چوارچێوەی ستوون و گۆشەو چاوپێکەوتن و بڕگە و بابەتی جۆراوجۆردا ڕەنگی داوەتەوە وەک: پرسی ژنان و کرێکاران و گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵک و بوارەکۆمەڵایەتی و سیاسی و هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری گشتی.

بە بۆچوونی من ئەو پرسانە هەموو گرنگ و پێویستە زیاتر ڕۆشنایی بخرێتە سەریان و بەدواداچوون و شرۆڤەی زیاتر لە بارەیانەوە بکرێن و کەسانی پسپۆر لە بواری جیاجیادا بدوێن لە بارەیانەوە.

بەڵام، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: بۆ پێشەوە تا چ ڕادەیەک دەتوانێت لە ئاستی ئەو ئەرکە و خواستە باڵایەی خەڵکی ناڕازی و ئازادیخوازی کوردستان بێت؟ لە سەردەمێکدا دەسەڵاتی سیاسی خۆسەپێن باوەش دەگرێتەوە بۆ ڕەوتە کۆنەخواز و تاریکیپەرستەکان بەمەبەستی بەلاڕێدا بردن و گەوجاندنی تاکی ناو کۆمەڵگە و لاوازکردنی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخواز لەپێناو خۆ پاراستن لەتورەیی و نارەزایی خەڵک و بەردەوامی بە ناعەدالەتی و قۆرخکاری و سیاسەتی دژ بە خەڵک.

بەهیوای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن بۆ بۆپێشەوە و ماندونەبوونی بۆ ستافەکەی.

بۆپێشەوە: خاڵە بەهێزەکانی بۆپێشەوە کامانەن و چۆن دەکرێت، بەرەو پێشتر ببرێت؟



**دڵشاد عارف: سەبارەت بەڕۆژنامەی بۆپێشەوە جگە لەوەی ئۆرگانێکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە و بەئەجندای ئەو مێتۆدە هەنگاوەکانی دەبردە پێش، بەڵام لەڕوی بڵاوکردنەوەی بابەتی کەسانی دەرەوەی ئەم مێتۆدە سیاسیەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بابەتی سیاسی جیاوازی تێداڕەنگی داوەتەوە.**
لەڕوی دروستکردنی گرێی پەیوەندی و نزیکبونەوە هەنگاوێکە دەبێت هەڵوێستەی لەسەربکرێت... هەرچەندە ئەم پەیوەندیە نابێتە هۆکاری برەودان بەخەباتی چینایەتی. وە ئۆرگانەکە و کۆمۆنیزمی کرێکاریی بۆخۆی نەیان توانیوە ئەم هەنگاوە بەکرداری بکەنەوە، و لەخولاوێکی ڕیفۆرمخوازی تێنەپەڕیون. تەنها پێشنیاریش خۆیەکلایکردنەوەیە. چۆن گروپێکی ڕێکخراوی سیاسی بەناو کۆمۆنیزمەوە بەیەکجاری خۆیان یەکلاکردۆتەوەو لەبەرنامەی سیاسیاندا هیچ پەیوەندییەکیان بەبزووتنەوەی چینی کرێکار نەماوە، و بەئاشکرا دەهۆڵی ناسیۆنالیزم دەکوتن. ئەوەتا یا بەیەکجاری خەتی ڕیفۆرمستیانە بخەنەڕوو یان ڕەخنەی ڕیشەیی لە مێتۆدی سیاسی بگرن و هەنگاوبنێنن بەرەو ئاسۆیەکی دروست. ئومێد دەکەم کەخاڵی دووەم بکەنە کردار، و لانی کەم هەنگاوێک

لەبزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکی کارگەر نزیکببنەوە.

**بۆپێشەوە: چ پێشنیارێکتان لە راستای بەرەوپێشەوە چوونی بۆپێشەوەدا هەیە؟**



**شاخەوان قادر: وەکو بەردەوامیدان بە ستاتوسی خۆی وەکو بلندگۆی چەپە یەکسانخوازەکان خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی سەختە، بەلام بێگومان بۆ ئەوەی بتوانێ بەتەنگ چینی هەژار و نەدارەوە بچێت و لە هەمان کاتدا پشتگیریی خۆی بۆ سیستەمێکی ڕەوای یەکسانخواز و ئازادیخواز درێژە پێبدات،** دەبێ بتوانێ خوێندنەوەی دروست و ڕیالسیتانەی بۆ کێشە و ئازارەکانی خەڵکی ستەم دیدە هەبێت. ئەوەش بە بەرزکردنەوەی دروشم و ئایدۆلۆژیا نایەتە دی، بەڵکو دەتوانێ لەرێگەی دواندنی ڕاستەوخۆی ئەوان و گەیاندنی کێشەکانیان لەلایەن ئەوانەوە بە زمان و گوزارشتی سادەی خۆیان، وە لەم دیدەوە دۆزینەوەی یا پێشنیار بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پراگماتیکی هەنوکەیی بۆ کێشەکانیان، هەنگاوی گرنگن کە بنەمای ئامانجی دوورتر دادەرێژن. لەلایەنی گەشەدان بە بیروهزری پێشکەتووخوازانە کە لە خزمەتی چینی کرێکاران و هەژاراندا بێت، پێویستە ڕەخنەگرانە سەیری تیئۆر و ئایدۆلۆژیاکانی پێشوو بکات، و وەکو ڕێژەی نەگۆڕ سەیریان نەکات، چونکە تیئۆری و ئایدۆلۆژیاش پێرفێکت نین و خاوەنی هەموو زانیاریەکان نین و هەموو چارەسەرێکیشیان لا نییە. تیئۆرییەکان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەدا گۆڕان بەخۆیانەوە دەبینن وەکو کۆمەڵگە بەردەوام لە گۆڕاندایە. دیارە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە ئاستێکدایە کە ئاسۆی بیر و هزری مرۆڤەکانی هەژاندووە و زۆر خێرا دەچێتە پێش کە بێگومان کاریگەریی لەسەر مرۆڤەکان زۆر بە دیاریی نواندووە. بۆیە کراوەیی لە ڕەخنە و بۆچوونەکاندا، وە پراکماتیزمیی لە هەنگاوەکاندا زۆر گرگن.

**بۆپێشەوە خاوەنی چەندین گۆشەو تەوەرەی جێگیرو تایبەتە، وەکو" پرسی رۆژ، گۆشەی ژن، تەوەرەی ئەدەب و هونەر، دۆسیەی ژمارە"...تاد، سەرنجتان لەسەر ئەو گۆشەو تەوەرانە چییە؟**




**شوان سدیق: پیرۆزبایی لە ساڵیادی ناوەندی مێدیای بۆ پێشەوە دەکەم . بۆپێشەوە، شوێنی خۆی گرتووە لەڕیزی ئەو مێدیایانەی تائێستەیش خوێنەری تایبەت بەخۆیان هەیە و چالاکن.** دیارە بەشداریکردنی نووسەرو ڕۆنامەنووسان لەبەشە جیاوازەکانی پێگەی بۆپێشەوە، کاریگەری باشی هەبووە کەوایکردوە، خوێنەری باشی هەبێ و سوودو گرینگی تایبەتی لەئاست ڕۆشنبیری و زانیاری گشتی هەبێ. مێدیا ئەمرۆ بەگشتی بەئاراستەیەک دەڕوات پێویستی بەخۆ نوێکردنەوەیە، بەردەوام بۆپێشەوەیش دەبێ ئەم هەنگاوانە بنێ لە ساڵی نوێی دەستبەکاربوونی. بەتایبەتی گرنگی زیاتر بەپرسی هەنوکەیی کۆمەڵگەی کوردی لەبواری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەو کۆمەڵگەی کوردی لە هەندەران . هەروەها لە شێوازی چۆنێتی دارشتنی هەواڵ و دیدار و شرۆڤەکانیش پێویستە ڕەچاوی زمانی کوردی و کورت و پوختی لە شێوەی زووگەیاندنی بابەتەکان بەخوێنەر بکرێ، خاڵێکی تر وێنەو کاریکاتێر نابێ پشتگوێ بخرێ.

**بۆپێشەوە پێ دەنێتە حەوتەمین ساڵی دەرچوونییەوە، چۆن دەڕوانە رۆڵی بۆپێشەوە لەو ماوەیەدا؟**



**بەختیار مەحەمەد: ئەم ڕۆژنامەیە هەرچەندە ڕۆژنامەیەکی سیاسییە و مەبەست لێی گەیاندنی پەیامی گوتارێکی کرێکاریی-سۆشیالیستییە،** بەڵام ئەگەر لە نێوان ٢-٤ لاپەڕەدا بکرێتە بەرهەم و بابەتی ئەدەبی و هونەری، ئەوا بێگومان ڕۆژنامەکە لە فرەبابەتیدا دەوڵەمەندتر دەکا و پتر دەبێتە جێی بایەخی خوێنەر. دیارە هەموو کەسێک تاقەتی خوێندنەوەی شتی سیاسی نییە، بەڵکو هی وا هەیە پتر خوێنەری بابەتە ئەدەبی و هونەرییەکانە، یان ئەگەر لەپاڵ خوێندنەوەی بابەتە سیاسییەکان، لە هەمان ڕۆژنامەدا بابەتی ئەدەبی و هونەری دەوڵەمەندیش هەبن، ئەوا ڕۆژنامەکە پتر دەبێتە جێی سەرنجی جەماوەری خوێنەران.



**وریا رەسام: دەستتانخۆش، خۆی لەخۆیدا حەوت ساڵی کارکردن و بەردەوامیی؛ سەرکەوتنە. زۆر گۆڤار بڵاوکراوەی حزبی هەن بودجەیەکی زەبەلاح و لەشکرێک لە کەسانی نووسەر و تەکنیکار کاری تێدادەکەن، بەڵام بەرێژەی بۆپێشەوە بەتوانا نەبوون. دووبارە دەستتانخۆش.**



**نەهرۆ ئالاهی: راستیەکی تاڵ و واقعیەتێکی نەخوازراو هەیە لەکوردستان ،هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و چەپ و دڵپڕ لەهیوا و سەرجەم خەڵکی کوردستان باجی ئەو (بۆشاییە) دەدات، ئەویش نەبوونی مێدیایەکی ئازا و ئازادی چەپە کە پەنجە بخاتە سەر برینەکانی چین و توێژە جیاوازەکان و ڕێگاچارەی گونجاویش بخاتە بەر دەستی کۆمەڵگا،** مێدیایەک لە سنوورەکانی تەسکی حزبایەتی و گروپ و ڕێکخراوەیی دەربچێت و خەمی گەورەتر بخاتە سەر شانی ڕۆشن و بێ شەرم و ترس بەدیلی کۆمۆنیستی بخاتە بەردەستی ژنان و لاوان و کرێکاران و ...هتد . هەستدەکەین و بینومانە تا ڕادەیەکی زۆر (بۆپێشەوە) لەم سەنگەرە وەستاوە و دەیەوێت ئەو مینبەرە ئازادیخوازە بێت و لەبەرامبەر کێشەکانی خەڵک یەخەی دەسەڵاتداران و حکومڕانان بگرێت کە ژیانی منالان و گەنجان و قوتابیان و بەساڵاچووان لەژێر سایەی ئەو هەموو دەرامەت و داهاتە نابیت بەم شیوەیە بێت .

بەهیوام (بۆپێشەوە) لە ساڵی نوێی کارکردنی، ئەو سنوورە تەسکانە تەواو ببەزێنێت و ئەو (بۆشاییە) پڕبکاتەوە کە هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز و میدیاکارێکی خاوەن ویژدان ئازاری پێدەکێشێت، وەکو چۆن سیستەمە ستەمکار و بۆرژوازییەکان شرمنایانگرێت لەو هەموو ستەم و ناعەدالەتیە، لەو هەموو پێشێلکارییە و لەو هەموو دیمەنە ناشیرینانە لەبێ بەهاکردنی ژیانی ئینسان و پیرۆزییەکانی، ئێمەش ماندوو نەبین لە نیشاندانی هەموو ئەو ناشیرینیانە، ساردنەبینیەوە لە ژماردنی دەستدرێژییەکان بۆسەر ماف و ئازادییەکانی خەڵک .

لەگەڵ هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ ستافە ماندوونەناسەکەی بۆپیشەوە




**ئاسۆس ساڵح: هەفتەنامەی بۆپێشەوە؛ لە پێناو خەبات و هۆشیاریی چینایەتیی کرێکاران و زەحمەتکێشان**

**هەفتەنامەی بۆ پێشەوە وەک سەرچاوەیەکی گرینگی سۆسیالیستی بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژ بە دیدێکی سۆسیالیستیانە گرینگی تایبەتی هەیە بۆ گشت چەپ و کۆمۆنیستەکان،** هەروەها کۆی زەحمەتکێشان و کرێکاران کێشە و گرفتەکان و ڕێچارەکانی ئاریشەکانیان لەم هەفتەنامەیە بەدی دەکەن. هەروەک لە ناساندنی هەفتەنامەکە هاتووە و نووسراوە: "بۆ پێشەوە وەک بڵاوکراوەیەکی سیاسیی سۆسیالیستی، هەر ١٥ ڕۆژ جارێک بڵاو دەبێتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە لەراستای ئامادەکردنی چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێشدا بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ئاڵوگۆرهێنان بەسەر ئەم دنیا سەروخوارە و بنیات نانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەرابەر و تەسەلدا، دێتە مەیدان□" ڕوونی لە ئایدۆلۆژیای مارکسیزم و کۆمۆنیزم و پشگیری کردنی لە چینی کرێکار و وەستانەوەی دژی سیستەمی سەرمایەداری و ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ هێنانەدی دنیایەکی باشتر و یەکسان، وای کردووە ببێتە جێگەی ئومێدی گشت زەحمەتکێشانی کۆمەڵگە و شوێنێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و هزری و ئاشنا بوونی خوێنەرانی بە ماف و ئەرکەکانی لە نێو کۆمەڵگە. ئامادەکردنی چینی کرێکارە وەک داینەمۆی شۆڕش و گۆڕانکاری. بەڵام هەرچی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنە بیستراو و بینراوەکانی دەسەڵات و بۆرژوازی کە بە پارەیەکی زۆر و لەسەر موڵکی گشتی و ڕەنجی خەڵکی بەشمەینەت بەرێوە دەچن هەمیشە دەهۆڵ بۆ بۆرژوازی و دەسەڵات و مانەوەی خۆیان و بەرەودان بە چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی هەواڵ و شێواندنی ڕاستی دەدەن دژ بە چەوساوە و چینی هەژاری کۆمەڵگە.

بۆپێشەوە خاوەنی چەندین گۆشەو تەوەرەی جێگیرو تایبەتە، وەکو" پرسی رۆژ، گۆشەی ژن، تەوەرەی ئەدەب و هونەر، دۆسیەی ژمارە"...تاد، هەر یەکەی گرینگی خۆی هەیە و پێویستە کۆی ئەم بابەتانە بمێننەوە و لە دیدێکی سۆسیالیستیانەوە بابەتەکانیان لەسەر ئامادە بکرێت و دیدی چەپەکان لە مەڕ ڕووداوەکانی ڕۆژ و پرسی ژنان و جیاوازی ڕەگەزی بخرێتە ڕوو دژ بەو تێڕوانینی بۆرژوازی بەرژەوەندیخواز و میدیا و گوتاری کۆنەپارێز و ئیسلامی سیاسی. هەروەها لەبارەی ئەدەب و هونەر، کە ئەدەبیاتی چەپ دەوڵەمەندە گرینگی پێ بدرێت و ئەدەب و هونەری ئێستا لە ژێر تەوژمی سەرمایەداریی نیۆلیبرالیزم شیبکرێتەوە، و لە بەرامبەیشدا ئەدەبی ڕاستەقینە و وابەستە بە کۆمەڵگە وەک ئەڵتەرناتیڤ و ئەدەب وهونەری ڕاستەقینە نیشان بدرێت. بە خۆشحاڵییەوە تا ئێستا بە ئاستێکی باش ئەم هەفتەنامەیە کاری کردووە بۆ ئەدەبیات و هونەر، جیاوازی پرسی ژن و پیاو لەگەڵ کۆمەڵگە، لە پاڵ جیاوازی چینایەتی و وەستانەوە دژی هزری کۆنەخوازی .

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی حەوتەمین ساڵڕۆژی هەفتەنامەی "بۆپێشەوە" لە خوێنەرانی و گشت زەحمەتکێشان دەکەم. هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ دەخوازم.



**ستاری چیمەنتۆ: سڵاو هاوڕێ گیان، زۆر داوای لێبووردن دەکەم، کە من بەهۆی سەرقاڵی شەخسیمەوە، نەمتوانی نە وەڵام پرسیارەکەی ( بۆپێشەوە) بدەمەوە و نە وەڵامی ئەم دوا ئاگادارکردنەوەتان. بەڕاستی جگە لە هیوای بەردەوامیی بۆپێشەوەو ڕۆچوون و قووڵبوونەوەی ئەو، لە ڕێگای نووسین و چاوپێکەوتن بڵاوکردنەوەی بابەتەکرێکاریی، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان..** لەڕیشەوشێوازی خەباتی چینایەتی دژ بەسیستەمی جیهانیی سەرمایەداری و هەروەها جەختکردنەوە لەسەر گەشەی هوشیاریی چینایەتیی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لە گشت بوارە کۆمەڵایەتی، سیاسی، زانستی، دینی، ئەدەبی وهونەری، فکریی، پەروەردەیی، و.....هتد تا لەو ڕێگەیەوە بۆپێشەوە، وەک ڕۆژنامەیەکی کرێکاری و سیاسی خاوەن ئاسۆی سۆسیالیستی، پشکی گرنگی لەمەیدانی

خەباتی سۆسیالیستیدا بەربکەوێ..! هەر بژین و هیوای بەرەوپێشچوونی زیاتر.



**تارا ئەحمەد: سڵاو هاورێ ئاراسی بەرێز، بەهیوای بەردەوامی و سەرکەوتنتان، وەک تێبینیەکی بچووک ئەکرێ هەوڵبدەن ئەو هاورێ ئەزیزانەی کە دەنوسن با نوسینەکانیان کەمێک کورت بێت**، بۆ ئەوەی مرۆڤ فریابکەوێت کە بیخوێنێتەوە. بە بڕوای من مرۆڤ کاتێک دەیەوێت پەیامێک بگەیەنێت، مەرج نییە دوورو درێژبیێت، بەڵکو زۆر جار کورت و پوخت و بە زمانێکی پاراوی کوردی جێگەی خۆی دەگرێت. زۆر سوپاس.



**زانیار وەلی: سەرەتای دەرچوونی ژمارەکانی (بۆپێشەوە) لە رێگای سۆشیاڵ میدیا (فەیسبووک) ئاشنای ئەو رۆژنامەیە بووم، وەکو پرۆژەیەکی میدیایی چەپ لە سەرەتاوە گرنگ و بایەخدار بوو لەلام.**

میدیای کوردستانی باشوور و سۆشیاڵ میدیا پڕ بوو لە بابەتی بێکەڵک و بێ سوود، وەکو ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر و مەسرەفگەرا چووە، بێگومان میدیا بەهەموو جۆرەکانیەوە میدیایەکی بێ پرەنسیپ و رێزگرتنی مرۆڤ و ئازادی و یەکسانی تێدا لەناوچووە.

تەنها ئامانجی زۆربەی ئەم میدیایانە کۆکردنەوەی لایک و کۆمێنت و فۆڵۆوەرە بێ گوێدانە ناوەڕۆک و بەبێ ئەوەی هیچ ئاسۆیەکی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تێدابێت.

لەم نێوانەدا (بۆپێشەوە) کە هەر لە ناوەکەیدا مانایەکی گەورە دەدات جیاواز هاتە بەرچاوان. (بۆ پێشەوە) وەکو میدیایەکی چەپ و فیکری لەناو ئەو فەزا پۆپۆلیستی و بێ سەرووبەرەیی میدیایی توانی جێێ خۆی بکاتەوە و چەندین قەڵەمی نوێ و بابەتی زۆر گرنگ لەخۆی کۆبکاتەوە.

جگەلەوەی وەکو پرۆژەیەکی میدیایی سۆسیالیستی ئەوەی زۆر گرنگە (بۆپێشەوە) هەموو کەسێک دەتوانێ بەخۆڕایی و زۆر بە ئاسانی بەدەستی بگات، کە لە دنیای سەرمایەداری ئێستادا هەموو شتێک بووە بە کاڵا و مامەڵەی پێوە دەکرێت و قازانجی ماددی لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە و تەنانەت خەریکە ئۆکسجین و هەناسەدانیش بەرامبەر بە پارە دەدرێت. (بۆپێشەوە) بەبێ هیچ قازانجێکی ماددی چ بەڕێوبەرانی و چ ئەوانەی تێیدا دەنووسن و فکر و بۆچوونیان بڵاودەکەنەوە و کاردەکەن و پەخش دەکەن. کە ئەوە خاڵێکی هەرە گەش و جوانی ئەم پرۆژەیە چونکە هەمیشە سیستەمی سەرمایەداری بانگەشەی ئەوە دەکات کە پارە و قازانج هەمیشە هاندەرە بۆ هەموو شتێک و بەبێ قازانج و هاندان بە پارە هیچ کارێک ناچێتە پێشەوە و پێش ناکەوێت، بەڵام (بۆپێشەوە) ئەمەی ڕەتکردەوەو ئەوە چەندین ژمارەی لێ دەردەچێت و بەردەوامە و بەرەو پێش دەچێت.

بۆمن وەکو گەنجێک خۆشبەختانە هاورێیانی بۆ پێشەوە دەرگایان بۆ کردمەوە کەوا بتوانم بۆ یەکەمجار و یەکەم نووسینم لەم رۆژنامەدا بڵاوبکەمەوە و بەشداری بکەم، کە ئەمە بۆ من خۆشحاڵی و هاندانێکی مەزن بوو، کە هاورێیانی بۆپێشەوە گرنگی بە دەنگی نوێ و قەڵەمی نوێ دەدەن، بەبێ گوێدانە هیچ ئینتمایەکی حزبی و دەستەگەری و ئامانجی ئەم میدیایە خزمەتە بە کۆمەڵگە و فکری چەپ و هەوڵدان بۆ بۆ پێشەوەبردنی فکری ئازادی و سۆسیالیزم.

هیودارام (بۆپێشەوە) بەردەوام بێت و بەرەوپێش بچێت و گەشەبکات و هەموو ئەوانەی هیوای ئەوە دەخوازن میدیایەکی ئازاد و سۆسیالستی هەبێت لە کوردستاندا هاوکاری و هاوپشتی ئەم پرۆژەیەبن.



**شەماڵ ئیسماعیل کەریم: هیوای سەرکەوتنتان بۆدەخوازم و هیوادارم لە ئاستێکی باڵاتر و فراوانتر درێژە بە کارەکانتان بدەن. هەر رۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەرێک ناوی لەخۆی نا"ئازاد"، بێگومان دەبێت بە واتای وشە باوەڕی بە ئازادی بیرکردنەوە و جیاوازی ڕا و بوچوونی ئەوانیتری جیاوازیش هەبێت.** وابەستەبوونی هەر بڵاوکراوەیەک بە جۆرێک لە ئایدیۆلۆژیا، جا چی ڕاست، یان چەپ بێت، دیسان لێدانە لە ئازادی ئەوانیتر . یانی مەبەستم: کاتێک تۆ چەپ بیت، دەبێت ماف بە ناسیونالیستێک و ڕاستێکیش بدەیت، تا گوزارشت لە خۆی بکات. بۆپێشەوەیش هیوادارم سەکۆیەک بێت، بۆ هەموو کەسێکی ئازادیخواز، بەجیاوازی ئاڕاستەی فیکری و تێڕوانین. گرنگ خزمەتکردنە بە چەمکی فرەیی، لێبووردەیی، پێکەوەژیان، یەکترقبوڵکردن و دروستکردنی کۆمەڵێکی کراوە و مەدەنی و سیکۆلار.

# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

*** بۆپێشەوە مینبەری چینی کرێکار و رابەرانی سۆشیالیست و خەباتکاری ئەم چینەیە. مینبەری چەپ و کۆمۆنیستەکان، رابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ژنانی تورە لە ستەم و بێمافی و پیاوسالاری و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، لاوانی هیوا خنکێنراو پڕ ئومێد، زەحمەتکێشان... و هەموو ئەو ئینسانانەی دڵیان، بۆ ئازادی و یەکسانی و دەسەلاتی پشتبەستوی جەماوەری لێدەدات ...**

*** بۆپێشەوە نەك تەنها سەکۆیەکی لێبڕاو سازشهەڵنەگرە، لەدژی بیروباوەری زاڵی کۆمەڵگە بە تایبەتی نەتەوەپەرستی ناسیۆنالیزم و کۆنەپەرستی ئیسلامی، بەڵکو بەرامبەرکێی هەمەلایەنە لەگەڵ ئەفکار و سیاسەت و نەخشەی حزب و بزووتنەوە بۆرژوازیەکانی کوردستان و نوسەران و میدیای گوێ لەمستیان دەکات. وە هەوڵی بێدریێغ دەدات کە بیروباوەری زاڵ، کە بیروباوەری چینی دەسەلاتداری کوردستانە، بەر رەخنە بدات لە جێگایدا روانگەی ئینساندۆستی و ژیان دۆستی و نەخشە و رێگاو مەیدانەکانی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی شایستەی ئینسانی، بخاتە روو...**

*** بۆپیشەوە، لە هەلومەرجی کوردستاندا، لە کاتێکدا بۆرژوازی و حزب و هێزەکانی بە ناوی جیاجایی حزبی و ناحزبی، سەربەخۆ و سێیەر و ئەهلی، پاوانی سەرجەم میدیای نوسراو بینراو بیستراو، سەرجەم ناوەندەکان و کایەکانی میدیاییان بەهۆی سەروەت و سامان و دەسەلاتەکەیانەوە، کردووە، تا ئیدە و بیروباوەری دواکەوتوانە و دژی ئینسانی بلاوبکەنەوە، تا سەرەوخوار بوونی کۆمەڵگە، بشارنەوە. تا لەچوارچێوەی پاراستنی دەسەلاتی بۆرژوازی کوردا، بانگەشەی درۆ بۆ دەسەلاتی خەڵك و ئازادی و چاکسازی و دیموکراسی و وەهمی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك و دابینکردنی ئازادییە سیاسی و مافە فەردی و مەدەنییەکان و ئایندەی سیاسی کورستان لە ژێر سایەیاندا، بکەن، وەکو ئاو بۆ تینوەکان و نان بۆ برسییەکان، ماف بۆ بێمافەکان، ئازادی بۆ سەرکوتکراوەکان، سەربەخۆیی بۆ لکێنراو و داگیرکراوەکان... گرنکی چینایەتی، هەیە...**

**بۆپێشەوە لە راستای جێیەجێکردنی ئەرك و پەیامە ئینسانیەکەیدا.. پێویستی بە هاوکاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکان و تەواوی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگە هەیە. چاوەروانی لە کۆمۆنیستەکان و رابەرانی کریکاریی و لە هەڵسوراوانی بزوتنەوە نارەزایەتیە کۆمەڵایەتیەکان، و لە هەمووئازادیخوازێکە کە هاوکار و پشتیوانی بن...**

# عیرفان کەریم: ئێران پێویستی بەشۆڕشێکی ڕیشەیی و رادیکاڵ هەیە لە پێناو هێنانەدی ئازادی ویەکسانی، ئەم خواست وئامانجانەش، تەنها لە ڕێگەی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێری کۆمونیستیەوە، دێتەدی

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ هاوڕێ عیرفان کەریم هەڵسوڕاوی سیاسی کۆمۆنیست، سەبارەت بە هەستان و راپەرینی خەڵکی ئێران و ئایندەکەی...



**بۆپێشەوە: با بەو پرسیارە دەست پێ بکەین، ئەوەی لە ئێران ڕوودەدات چییە؟ شۆڕشە، ڕاپەڕینە، هەڵچوونە؟... تۆ چ ناوێک لەم بزوتنەوەیە دەنێیت کە چەند مانگە درێژەی هەیە؟**

**عیرفان کەریم:** ئەوەی لە ئێراندا ڕوودەدات هاتنە مەیدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگێرانەیە، بە ئامانجی کۆتایهێنان بەدەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە جمهوری ئیسلامی ئێران زیاتر لە ٤٠ چل ساڵە، نوێنەرایەتی ڕەوتیکی کۆنەپەرست و سەرکوتگەری بۆرژوازی ئێران دەکات و چینی کرێکار وجەماوەری زەحمەتکێشی لە بارودۆخێکی سەختی پڕ لە هەژاری و نەداریدا ڕاگرتوە و لە ڕێگای بەردەوامیدان بە کردەوەی کوشتار و ئیعدامەوە، دەیەوێت دەسەڵاتی سەمایەداری لە ئێراندا بپارێزێ. ئیدی ئەم ڕژێمە هیچ ئیعتبارێکی لەلای زۆربەی خەڵکی ئێراندا، نەماوە. بەردەوامی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵکی شۆڕشگێری ئێران بەتایبەت لە ٦ شەش مانگی ڕابوردووەوە، سەرەڕای کردەوەکانی سەرکوت و کوشتار و ئیعدامی موخالیفینی سیاسی، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە، کە ئیدی ڕەوتی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران بەرەو پێش هەنگاو دەنێت و دەیەوێت دوابزماری خۆی بە تابوتی جمهوری ئیسلامی دابکوتێت.

> **ئەوەی کە چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش و ژنانی شۆڕشگێڕ بەشێکی گەورەو بنەڕەتی ئەم بزوتنەوەیەن و بە دروشم وخواستی ڕادیکاڵ و ئینسان و شۆڕشگێڕانەوە لەمەیدانی خەباتدان، ئەمە بۆخۆی زەمینەیەکی پڕ لەبەرهەم و دەستکەوتە بۆ بزوتنەوەی چەپ وکۆمۆنیزم لە ئێران ...**

**بۆپێشەوە: کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی موزائیکییە، کێشەی نەتەوەیی واقعیەتیکی ناو ئەو کۆمەڵگەیەیە، پرسی نەتەوەیی چ جێگایەکی لە بزوتنەوەی شورشگێرانەی ئێستای ئیراندا هەیە...؟**

**عیرفان کەریم:** حکومەت و دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئێران سەرچاوەی جۆرەها ستەم و زوڵم و زۆری سیاسی و کۆمەلایەتییە، ئازادییە سیاسییەکان لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتەدا هیچ ئیعتبارێکیان نییە و یاسا و ڕێسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپێنراوە. خەڵکی ئێران بەشێوەیەکی گشتی، سەرفی نەزەر لەوەی بە چ زمانێک قسەدەکەن و چی ناسنامەیەکی نەتەوەییان هەیە، لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە، دووچاری ستەم و زۆرداری بونەتەوە. هەر بۆیە دەبینین لە مەیدانی نارەزایەتییە جەماوەریەکاندا، بۆ سەرجەم ئەم جەماوەرە شۆڕشگێرە، لە کوردستانەوە تاوەکو تاران و شیراز و ئەهواز و بلوجستان، مەسەلەی سەرەکی جەنگی یەکلاکەرەیەوە لەبەرامبەر دەسەڵاتی ڕەشی جمهوری ئیسلامی، هەربۆیە مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێستای ئەم بزوتنەوەیەدا جێگا و ڕێگایەکی زۆر بەرچاوی نییە.

**بۆپێشەوە: لەگەڵ ئەوەدا پایەی بنەرەتی خۆپیشاندان و نارەزایەتی ئیران، چینایەتییە، بەڵام رۆڵی چەپ و کۆمۆنیزم وەکو پێویست نییە، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕیتەوە و چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئیراندا و لەهەلومەرجی ئێستادا چ ئەرکێکی لەسەر شانە؟**

> **ڕیسواکردنی سیاسەتی هاوبزوتنەوەیی ئەم لایەنە ڕاستەڕەوانە لەنمونەی (شاهنشاییەکان) و (ناسیونالیستەکان) لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، هەروەها ناساندنی ناوەرۆکی دژە شۆڕشی ئەم لایەنانە، ئەرکی سەرەکی بزوتنەوەی چەپ وکۆمۆنیزمە لەئیڕان...**

**عیرفان کەریم:** بەر لە ڕووداوی دڕندانەی کوشتنی (ژینا ئەمینی) و خرۆشانی جەماوەر لە کوردستان و تاران، بزوتنەوەی نارەزایەتی چینی کرێکار لە شارە گەورەکانی ئێران بەردەوام لە مانگرتن و سازدانی کۆبونەوەی نارەزایەتی بوون، ئەم بزوتنەوە چینایەتییەی کرێکارانی ئێران، پێشینەیەکی پر لەهێزی بەخشیوەتە خەڵکی شۆڕشگێر، لەمەیداندا مانەوەی چەند مانگەی کرێکارانی کارگەی فولاد و ئاسن و کرێکارانی هەفت تەپە و کارگەکانی دروستکردنی بەرهەمی کیمیایی، کە بەسازدانی زنجیرە مانگرتنەکان و کۆبونەوە گشتییەکان ڕووبەڕوووی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی بوونەوەو جەسورانە هەنگاوێکیش پاشەکشێیان نەکرد. ئەمە پایەیەکی بنەڕەتی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێریەیە کە ئێستا لە مەیداندایە، بەڵام سەبارەت بەو پرسیارەی کە بۆچی تا ئێستا ڕۆڵی چەپ و کۆمۆنیزم وەکو پێوست نییە؟ بەبڕوای ئەوەی کە چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش و ژنانی شۆڕشگێر بەشێکی گەورەو بنەڕەتی ئەم بزوتنەوەیەن و بە دروشم وخواستی ڕادیکاڵ و ئینسان و شۆڕشگێرانەوە لەمەیدانی خەباتدان، ئەمە بۆخۆی زەمینەیەکی پڕ لەبەرهەم و دەستکەوتە بۆ بزوتنەوەی چەپ وکۆمۆنیزم لە ئێران، نابێت ئەو ڕاستیە لەبەرچاو نەگرین کە لە ژێر سایەی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی ئێراندا، هیچ جۆرە ئازادییەک نییە وهیچ لایەنێکی سیاسی ناتوانێت ئازادانە کارو چالاکی سیاسی ئەنجام بدات، هەربۆیە بەشێکی زۆری هێزی چەپ وکۆمۆنیزم و فەعالینی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لە دەرەوەی ئێران بەردەوام چالاکی سیاسی ئەنجام دەدەن و هاوپشتیەکی بەهێزی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێریە دەکەن. تا ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکەکانی بزوتنەوەی چەپ و کۆمۆنیزم لە ئێران، بە بڕوای من ئەرکی ئەوان بریتیە لە دەرکەوتنیان وەک هێزی سەرەکی کە پارێزگاری دەکەن لە ئامانج و خواستە شۆڕشگێریەکانی ئەم بزوتنەوەیە، بە خستنە ڕووی سیاسەتی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستانە، ئەم بزوتنەوەیە بەڕیگاچارەی شۆڕشگێرانە ئاشنابکەن و ڕێگا نەدەن بزوتنەوە کۆنەپەرستەکانی ناسیونالیزم و شۆڤنیزم و باڵی ئیسلاحی ئیسلامی بە هاوکاری حکومەتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپاو ئەمریکا شکست بەم بزوتنەوەیە، بهێنن.

**بۆپێشەوە: سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئیران، لەوانە ژنان، لاوان و خوێندکاران، کرێکاران... بەشدارن لەم خۆپیشاندان و بزوتنەوە جەماوەریەدا، بەڵام رۆڵی چینی کریکار و بەشدارییەکەی بەرجەستە نییە، هێشتا وەکو پێویست ئامادەیەکی نابینرێت، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عیرفان کەریم:** وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد بزوتنەوەی نارەزایەتی چینی کرێکار لە ئێراندا و جەنگی چینایەتی لەبەرامبەر جمهوری ئیسلامی دا، بۆتە دیاردەیەکی زۆر ڕۆشن لە کۆمەڵگەی ئێراندا. هاوکاتی لەمەیداندا بوونی بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکانی تر لە کۆمەڵگەدا، کرێکاران، لە کارگەو ناوەندە جۆربەجۆرەکانی بەرهەمهێناندا، ناوە بەناوە مانگرتن و کۆبونەوەی نارەزایەتی بەرێ دەخەن. بەڵام ئەوەی کە تائێستا ئەم چینە هێشتا دەستی بۆ جەنگی یەکلاکەرەوە لەبەرامبەر ئەم دەسەلاتەدا، نەبردوە، هۆکارەکەی بۆ پەرش وبلاوی و سەراسەری نەبوونەوەی ئەم بزوتنەوە شۆڕشگێریە دەگەڕیتەوە، کە هێشتا نەبۆتە خاوەنی ئاسۆیەکی شۆڕشگێرانە و هێشتا هەنگاوەکانی سەراسەری کردنەوە و لەیەک هەڵپێچانی سەرجەم هێزەکانی نێو ئەم بزوتنەوە لە نێو چوارچێوە و پلاتفۆرم و بەرنامەیەکی شۆڕشگێرانەدا، دەستی بۆ نەبراوە.

**بۆپێشەوە: لەگەڵ بەردەوامی خۆپیشاندان و جولانەوەی شۆڕشگێرانەی ئیراندا، هەوڵەکانی بۆرژوازی لەوانە شاهەنشایی و سیلیبریتییەکان، دەستی پێکردووە، دیارە لە پشتیوانی ئەمریکاو غەربیش بەهرەمەندن، رۆڵی ئەوان چۆن دەبینن و چەپ و کۆمۆنیستەکان، دەبێ**

**لەبەرامبەر... بەهەوڵ و نەخشەکانیان، چ هەنگاوێک بگرنە بەر؟**

**عیرفان کەریم:** ئێمە دەکرێ چاوێک لە مێژووی کورتی دەورانی شۆڕشی ساڵی ۱۹۷۹ و ڕوخاندنی دەسەڵاتی شای ئێران، لەلایەن خەڵکی شۆڕشگری ئێرانەوە بکەین. لەوێشەوە داوەرییەک لەسەر ڕاستی و دروستی و هەقانیەتی ئەم لایەنە ڕاستڕەو دژە شۆڕشانە، بکەین و بیانناسینەوە. شاهنشاییەکان و سلیبریتیەکان کە بەکۆمەکی ئەمریکا وچەند حکومەتێکی ڕۆژئاوایی لە ئەوروپا و لەڕێگەی میدیا و تەلەفزیۆنەکانی (ئێران ئێنتەرناسیونال و بی.بی.سی)ەوە، کەسایەتیان پێدەبەخشرێت و ناسنامەی (نوێنەرانی خەڵک و حکومەتی داهاتووی ئێران) بۆ دروستدەکەن. هەر خودی ئەم جۆرە سیاسەتە بەڵگەیە لەسەر پووچی بێ ناوەرۆکی ئەم جۆرە لەنوێنەرایەتیە.

تەجروبەی چەکوشکاری ناوەندە موخابەراتی و جاسوسی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە ڕۆژئاوا لە پەیوەند بە کۆکردنەوەی چەند سیاسەتمەدارێکی تێکەڵ پێکەڵ لە (قەومی و ئیسلامی لیبراڵ و ئیسلاح تەڵەب ومەزهەبی) لەژێر ناوی (دیموکراسی) وەک ئەوەی لە عێراق و ئەفغانستان هێنایەکایەوە، زۆر بەڕۆشنی نیشانی داوە، کە ئەمە چ پرۆسەیەکی دژە ئینسانی و چ کارەساتێکی سیاسی و مرۆیی بەسەر کۆمەڵگەکاندا دەهێنێت. ئاخر هەموو خەڵکی ئێران دەزانن کە دەسەڵاتی شاهنشاییەکان بەڕاپەڕین و شۆڕشێکی جەماوەری کۆتایی پێهات و خەڵک سەرانی شاهنشاییەکانیان وڵات شار بەدەر کرد، ئێستا بەکام پێوەر ئەمانە دەکرێنەوە بە نوێنەری خەڵک و ئەمەش دوای ئەو هەموو فیداکاری و خەباتە خوێناویەی خەڵک، لە پێناو ڕوخاندنی دەسەلاتی جمهوری ئیسلامی..؟ هەربۆیە کاتێک دروشمی (نە شامان دەوێت نە ڕەهبەر، مەرگ بۆ ستەمکار) لە نێو جەرگەی خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی ئێرانەوە بە بڵندی دەگوترێتەوە، ئەمە دەیسەلمێنێ کە ئەم لایەن کۆنەپەرستانە، دڵخوازی خەڵک نین و پێگەیەکی ئەوتۆیان نییە لە نێو نارەزایەتیەکانی خەڵکدا. تائەو جێگەیەی بەئەرک و مەهامی بزوتنەوەی چەپ وکۆمۆنزم لە ئێراندا، دەگەڕیتەوە، بە بڕوای من بەردەوام ڕیسواکردنی سیاسەتی هاوبزوتنەوەیی ئەم لایەنە ڕاستەڕەوانە لەنمونەی (شاهنشاییەکان) و (ناسیونالیستەکان) لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، هەروەها ناساندنی ناوەرۆکی دژە شۆرشی ئەم لایەنانە، ئەرکی سەرەکی بزوتنەوەی چەپ وکۆمۆنیزمە لەئێران. ئەم لایەنانە دەیانەوێت، دەزگاکانی سەرکوت و ئیعدام وەک خۆی بمێنێتەوە، سوپای پاسداران و زیندانی سیاسی هەبێت، چونکە ناوەرۆکی دەسەڵاتەکەیان ئەوەیە، کە سیستەمی بۆرجوازی و سەرمایەدارانەی ئابوری پارێزراو بێت و کرێکاران وخەڵکی زەحمەتکێش بۆ دەیان ساڵی دیکە لەژێر هەژاری و نەداریدا، بهێڵنەوە. ئەمانە تەنها گۆڕانکاری ڕوخسارانە لە سیستەمی سیاسدا دەکەن، لە کاتێکدا ئێران پێویستی بەشۆرشێکی ڕیشەیی و رادیکاڵ هەیە لە پێناو هێنانەدی ئازادی ویەکسانی، ئەم خواست وئامانجانەش، تەنها لە ڕێگەی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێری کۆمونیستیەوە، دێتەدی.

**بۆپێشەوە: ئاییندەی ئەم بزوتنەوەیەی لە ئێراندا درێژەی هەیە، چۆن دەبینن، ئایا پاشەکشەی پێدەکرێت، یان دەتوانێت دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئێران بروخێنێت، بەتایبەتی لە ئێستادا کە هەست بە خاوبوونەوەیەک دەکرێت؟**

**عیرفان کەریم:** ئەگەر بە تەنها چاوێک لە هێز و پایەی جمهوری ئیسلامی بکەین، دەبینین ئەم دەسەڵاتە بە سەدان ناوەندی سەرکوت و کوشتار و جاسوسی هەیە، لە چەندین وڵات پێگەی سەربازی و ئەمنیەتی هەیە و خەریکە دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمیش، بەڵام تەجروبەی بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەی ژنان و کرێکاران ولاوان وخوێندکاران لە شەش مانگی ڕابوردودا و سەرەڕای دەستبردنی ئەم دەسەڵاتە بۆ کردەوەکانی ئیعدام وسەرکوت و زیندانی کردن و ئەشکەنجەدان، بەڵام هێشتا، نەیتوانیوە کۆتایی بەم بزوتنەوەیە بهێنێت و پاشەکەشەی پێبکات. جەنگی خەڵکی ئێران لەبەرامبەر ئەم دەسەڵاتە جەنگێکی نەبراوەیە تاوەکو کۆتایهێنان بەتەمەنی ئەم دەسەڵاتە، خەڵکی ئێران دەزانن ژیان کردن لەژێر سایەی دەسەڵاتێکدا، کە سەرچاوەی هێشتنەوەی هەژاری وبێکاری ونەداری وبرسێتیە، زۆر سەخت و هەموو ڕۆژە مردنێکە. بۆیە جگە لە خەبات وهاتنە مەیدان بۆ کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە، چارەیەکی دیکەیان نییە. سەبارەت بە (خاوبوونەوە)ی ئەم بزوتنەوەیە، بەبڕوای من هەموو بزوتنەوەیەکی شۆرشگێرانە، لەڕێڕەوی چوونەپێشەوەی خۆیدا بەکات وساتی جیاواز و جۆراوجۆردا تێدەپەڕێت، لە قۆناغە جیاوازەکاندا شێوازەکانی خەباتی خۆی دەگۆڕێت، هەربۆیە دەکرێ بڵێین، ئەمە حاڵەتێکی ئاسایی و کاتییە.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕوانیتە جاڕنامەی لانی کەمی داواکاریەکانی سەندیکا کرێکاریی و ڕێکخراوە مەدەنی و سەربەخۆکان بۆ شۆڕشی ئەمڕۆی ئێران؟**

**عیرفان کەریم:** بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی سەرکوت و کۆنەپەرستی ئیسلامی، کە بەردەوام لەڕێگەی ئیعدام و زیندانیکردن و بەرتەسککردنەوەی سەرجەم ئازادییە سیاسیەکان لە ئێراندا، درێژە بەتەمەنی خۆی دەدات.

لەدەوری یەک کۆبونەوەی هەر دەستە و گرووپێکی کۆمەڵایەتی کە بە ئامانجی ڕێکخستن و یەکخستنی ڕیزی کرێکاران و ژنانی ئازادیخواز و لاوانی شۆرشگێر و خەڵکانی ئینساندۆست، کاردەکەن. ئەمە هەنگاوێکی پێشرەوانەیە. دەکرێ لەم چوارچێوەدا، هەڵسانگاندن بۆ ئەم جارنامەیە بکەین، هاوکات وەک هەر بابەتێکی دیکەی پەیوەستدار بەم بزوتنەوەیە، دەکرێ ئەم هەڵسەنگاندنە هەڵوێستگیری جیاوازی لێبکەویتەوە. بۆنمونە هەندێک ئەمە بە جارنامەیەکی شۆرشگێرانە لە قەڵەم دەدەن.بەڵام من پێم وایە شێواز و ناوەرۆکی خاڵەکانی نێو ئەم جاڕنامەیە هەڵگری کۆمەڵێک لە (ناکۆکی) و هەڕەمەکی سیاسیە، کە لە دەربڕین و دەستنیشانکردنی داواکاری و خواستەکاندا، بەدیدەکرێت. چونکە خودی ئەم جاڕنامەیە لەژێرناوی (لانی کەمی خواستەکانی ڕیکخراوە پیشەیی ومەدەنیەکانی ئێراندا) بڵابۆتەوە، لێرەشەوە ئێمە لەبەرامبەر چەند داواکاری وخواستی جۆراوجۆردا بەرەو ڕوو دەبنیەوە، کە پەیوەندیەکی ئەوتۆی بە لانی کەمی خواستەکانەوە نییە، و بەڵکو باس لە جێگرەوەی دەسەڵاتی ئێستا دەکات و هەروەک لە خاڵی دوووەمی جاڕنامەکەدا هاتوە (ڕزگارکردنی هەموو خەڵک لە دەسەڵات و هەموو جۆرەکانی جیاکاری و چەوساندنەوەی دیکتاتۆری و ئیسلامی) هەروەها لە درێژەدا دەڵی (کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و ئینسانی) وەک جێگرەوەیەکی ئەم سیستەمە، دەستنیشان دەکات. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم جۆرە داخوازیانە لەسەر بنەمای کام توانایی سیاسی و ڕێکخراوەییەوە خراوەتە ڕوو، ئایا بە هەڵسەنگاندنێکی سادەی تەوازنی هێز لە نێوان بزوتنەوەی نارەزایەتیەکانی ئێستا، دەکرێ لەم قۆناغەدا ئەمە بکرێتە ئەرکێک و خواستێکی سیاسی و بەسەر بزوتنەوەکەدا سایە بکات..؟ بەبڕوای من ئەمە جۆرێک لە لێکدانەوە نادروستی سیاسی و ڕێکخراوەیی و ناکۆکە لەگەڵ ئەو ناونیشانەی کەدەڵێ (لانی کەمی خواستەکان....) هەروەها لە خاڵێکی دیکەدا ئاماژە بە (هەڵپێچانی دام و دەزگا سەرکوتگەریەکانی ڕژێم.....).ئەمەش دەکرێت لەم تێروانینەوە لێکدانەوەی بۆ بکەین، چونکە ئەوە ڕوونە، لە ئێستای توانایی ڕێکخراوەیی و گەشەی سیاسی بزوتنەوەی نارەزایەتی لە ئێراندا و جەنگی بەرامبەرکێ لەبەرامبەر دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیدا، نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە بانگەواز بۆ کۆتایهێنانی یەکجاری ئەم دەسەڵاتە بکات. دەکرێ لەم بارەیەوە سەرجەم خاڵەکانی نێو ئەم داخوازیانە بخرێنە بەر باس وگفتوگۆ، بەڵام ئەمە قسەی زۆرتر هەڵدەگرێت و دەکرێت بەجیاواز و بەتایبەت تر بخرێنەڕوو. بەشێوەیەکی گشتی ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە بزوتنەوەیەکی ڕادیکال و شۆرشگێر لە ئێراندا، لەحاڵی هاتنە مەیدان و شکڵدان بە چوارچێوەی سیاسی و ڕیکخراوەیی، خۆیەتی.

******

**ئێران پێویستی بەشۆرشێکی ڕیشەیی و رادیکاڵ هەیە لە پێناو هێنانەدی ئازادی ویەکسانی، ئەم خواست وئامانجانەش، تەنها لە ڕێگەی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی کۆمونیستیەوە، دێتەدی.**

**جەنگی خەڵکی ئێران لەبەرامبەر ئەم دەسەڵاتە جەنگێکی نەبراوەیە تاوەکو کۆتایهێنان بەتەمەنی ئەم دەسەڵاتە، خەڵکی ئێران دەزانن ژیان کردن لەژێر سایەی دەسەڵاتێکدا، کە سەرچاوەی هێشتنەوەی هەژاری وبێکاری ونەداری وبرسێتیە، زۆر سەخت و هەموو ڕۆژە مردنێکە ....**

**مێژووی تێکڕای کۆمەڵگەکانی تا ئێستا، مێژووی خەبات و کێشمەکێشی چینایەتییە. مشتومڕێکی بێوچان، تاوێك ئاشکراو تاوێك نهێنی لە نێوان چینە چەوسێنەر و چەوساوەکان، ستەمگەر و ستەمدیدەکان. ئەم مشتومڕە چینایەتیە سەرچاوەی سەرەکی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگەدا...**

## درێژەی... کۆمۆنەی پاریس، یەکەم حکومەتی کرێکاری لە جیهاندا!!

حکومەت بۆ کڵێسا دەبڕدرێت، ئایین وەک بابەتی تایبەتی تاکەکان ڕادەگەیەنرێت، قوتابخانەکان لەژێر کۆنترۆڵی کڵێسا ڕزگار دەکرێن، دادپەروەری و پەروەردە لە ئایین و دادوەرەکان جیا دەکرێنەوە. دەوامی شەوانە لە نانەواخانەکان قەدەغەیە، مووچەی کارمەندانی کۆمیسیۆنی کۆمۆنەکان لە هەمان ئاستی کرێکارانی نانەواخانەکاندا دادەنرێت. پۆلیس لەباتی خزمەتکردنی حکومەت دەبێتە ڕێکخراوێک کە خزمەت بە خۆشگوزەرانی خەڵک دەکات و سەرجەم ئەرکە سیاسییەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵدەوەشێتەوە، بەرپرسانی بەشی پۆلیسیش دەتوانن لە کارەکانیان دووربخرێنەوە. کۆمۆن ئازادی قسەکردن و ڕۆژنامەگەری ڕاگەیاند، ئازادی گردبوونەوە، پێکهێنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ڕاگەیاند. ئەو دامەزراوەیەی کە خاوەنەکانی لە پاریس هەڵاتبوون، بۆ کۆمەڵە کرێکارییەکان، کە لە کارگەکاندا سەرهەڵدەدەن، بەجێی دەهێڵرێت.

پێکهاتەی حکومەتی کۆمۆن لە بنەڕەتدا جیاواز بوو لە هەموو جۆرەکانی پێشووی حکومەت. کۆمۆن لە کەسانێک پێکهاتبوو کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە ناوچەی جیاوازدا هەڵبژێردرابوون. کۆمیتەی ناوەندی کۆمۆنەی پاریس ٨٠ ئەندامی هەبوو. بەپێی یاسای پەسەندکراو هەرکاتێک زۆرینەی دەنگدەران بیانویستایە، دەیانتوانی هەریەکێکیان لە کارەکانیان دووربخەنەوە. کاری ئەم کۆمیتەیە هەم یاسادانان و هەم جێبەجێکردن بوو.

هەرچەندە کۆمۆنەی پاریس ٧٢ ڕۆژ زیاتری نەخایاند و حکومەتی ئەو سەردەمەی فەرەنسا کۆمۆناردە قارەمانەکانی پاریسی لە خوێنا نوقم کرد. بەڵام خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و وانە و ئەزموونەکانی، دەستکەوتی چینی کرێکاری جیهانە و ئەزموونی چینی کرێکاری بۆ شەڕی چارەنووسسازی کە هێشتا لە پێش ئەم چینەدایە، دەوڵەمەندتر کردوە.

ئەمڕۆ لەچوارچێوەی قووڵبوونەوەی قەیرانی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی و گرانی تاقەتپڕوکێن و ئەو نادادپەروەرییەی کە بەسەر زۆرینەی دانیشتوانی جیهاندای سەپاندووە، پێویستی یەکێتی و یەکڕیزی کرێکاران و پشتیوانی نێودەوڵەتی چینی کرێکاری دەوروبەری جیهان لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو هەلومەرجە و پەیوەندییە نامرۆڤانەدا سەد هێندە زیادی کردووە. لە ١٥٢هەمین ساڵیادی دامەزراندنی کۆمۆنەی پاریس، بە فێربوون لە وانە و ئەزموونی ئەو شۆڕش و حکومەتە کرێکارییە، پێویستە ڕیزەکانی چینایەتی خەبات بۆ بەرژەوەندی کرێکاران یەکگرتووتر و یەکڕیزتر بکەن و جیهانێک لەسەر بنەمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی بنیات بنێن.

**٢٠٢٣ ی ئازاری٢٢**

## له بۆپێشەووەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تاییەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

## درێژەی .... دوا وتە

تەواو جیاواز لە ئاسۆی جۆراوجۆر و بزوتنەوەی جۆراوجۆری بۆرژوازی و کوردایەتی و ئیسلامیان...هەیە.

هەموو ژمارەیەکی بۆپێشەوە، گرنگترین و مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کاتی خۆی دەکاتە بابەتی ژمارە، و بڵاوکراوەیەک نییە بە بابەتی وێل و بێ پەیوەند ژمارەکانی سەر یەک بخات، کەم مەسەلەیە و روداو هەیە بەسەر بۆپێشەوەدا تێ بپەڕێت. بۆپێشەوە هەوڵی داوە گرنگترین مەسەلەی سیاسی رۆژ، بکاتە ماتریاڵی ژمارەکانی کە لەڕوانگەی چینی کرێکار و جەماوەری ستەم دیدەوە. واتە بۆپێشەوە دوای قەرەباڵغی ناکەوێت و نەبۆتە پاشکۆی رووداوەکان و روداوەکان نین بۆپێشەوە پەلکیش دەکەن، بەڵکو بۆپێشەوە خۆی پێش روداوەکان پێشبینی و قسەی ئیسپاتی خۆی دەکات و لەسەر روداو پێشهاتەکانیش، لە دیدێکی تەواو جیاوازەوە لێکدانەوەی خۆی دەکات و ڕیگاچارەو بەدیل دەخاتە ڕوو.

لایەنێکی تری بۆپێشەوە پابەند بوونیەتی بە یاساو رێسا راگەیەنراوەکانی... بۆپێشەوە هەمیشە لەکاتی خۆیدا و بێ دواکەوتن دەردەچێت... جێگای هیچ بابەت و بۆچونێکی نەتەوەپەرستی، دواکەتوویی، کۆنەپەست و ئیسلامی، هەلاواردان ئامیز، پیاوسالار، دژە ژن، دژە ئینسان و مافی منال...تاد، تیا نابێتەوە. جیا لەوانە زمان حاڵی هیچ حزب و رێکخراوەیەکی سیاسی نییەو بێ گوێدانە ناسنامەی حزبی و رێکخراوەیی هەر قەڵەبەدەست و کەسایەتیەکی چەپ و کۆمۆنیست، ئازادیخواز و بەرابەریخواز، بابەتی بۆی ناردبێت یان لەهەر گۆشەیەکیدا بەشداری کردبێت، دەرگای بۆ کراوە بووە... هەروەها بۆپێشەوە نەبۆتە بڵاوکراوەیەک بۆ کۆکردنەوەی بابەتی پێشتر بڵاوکراوە و دوبارە بڵاوکردنەوەی، بەڵکو پەیرەوی لەو بەندە کردووە کە پێشتر رای گەیاندووە، کە بابەتی پێشتر بڵاوکراوە، بڵاوناکاتەوە...

لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا، بۆپێشەوە بە مانای وشە پابەندی هیڵی سیاسی و فکری و ریسا راگەیەنراوەکانی خۆی بووە، هەموو ئەوانە چ ناوەرۆک و خەتی سیاسی و فکری و چ پابەند بوونی بە ریسا ڕاگەیەنراوەکانی، چ هەمەرەنگ بوون و بوونی چەندین گۆشەو تەوەرەی تایبەت و دۆسیەی گەرمی سیاسی وای کردووە رۆژ بەرۆژ بۆپێشەوە متمانەی زیاتر بەدەست بهێنێت... رۆژ بەرۆژ خوێنەرانی زیاد ببن و بە تاسەوە چاوەروانی دەرچوونی ژمارەکانی بکەن... دیارە هەموو ئەوانە بەو مانایە نییە بۆپێشەوە هیچ کەم کورتی نییە، یان جێگا دڵخوازی ستاف و خوێنەرانیەتی، نا، هێشتا بۆپێشەوە پێویستی بە بەرەوپێشچوونی زیاترە، پێویستی بە وردبینی و قەڵەمی ترە، پێویستی بەوەیە بەمانای وشە ببێتە زمان حاڵی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش و بزوتنەوە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییە پیشکەوتنخوازو ئازادیخوازەکان... ئێمە بۆ ئەو ئامانجە بەردەوامین.

بەداخەوە هێشتا ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و رۆژنامەنووسی چەپ و کۆمۆنیست و بەرابەریخواز...جێگایان لە بۆپێشەوەدا خاڵییە... هێشتا بە هۆکاری جیاجیا، خۆیان لە بۆپێشەوە دوور گرتووە، لەجێگای ئەوەی بۆپێشەوە بکەنە مینبەر و سەکۆیەک بۆ کاری ریکخراو ئامانجدارانە و بەکۆمەڵ، گیرۆدەی پەیجی تایبەت و ماڵی خۆیانن و بە پەیجیکی فەیس بوک کە هەیانە رەزایەتیان داوە... وە بی نەخشە و ئامانجێکی دیاریکراوی رۆشن، دەنووسن و بابەت بڵاودەکەنەوە... گومان لەوەدا نییە، ئەگەر بەشێکی ئەو قەڵەم بەدەستە چەپ و کۆمۆنیستانە، بێن و بەکار و خەتی بۆپێشەوە پەیوەست بن، گومان لەوەدا نییە، چ کاریگەری نووسین و بابەتەکانیان زیاتر دەبێت و بە خوێنەری زۆرتر دەگات و چ بۆپێشەوەش تەکانێکی تر دەدات... بۆپێشەوە هیچ سنور و سانسۆریکی بۆ هیچ قەڵەم و نووسەرێکی چەپ و کۆمۆنیست نییە، کە پەیرەوی مەوازینە راگەیەنراوەکانی بکات...

بۆپێشەوە لە حەوتەمین ساڵرۆژی بەردەوامی خۆیدا، بەڵێن دەدات، وەکو هەمیشە و بێگودانە ناسنامەی حزبی ریکخراوەیی، دەرگای کراوە بێت بۆ هەموو قەڵەمێکی چەپ و کۆمۆنیست و بەرابەریخواز و ئینسان دۆست... وە بەڵێن دەدات کە لە تێکۆشانی میدیایی خۆیدا، نوێنەرایەتی دەنگی کریکارانی نارازی، ژنانی ستەم لێچوو ئازادیخواز و یەکسانیخواز، لاوان و خوێندکارانی خوازیاری دنیایەکی باشتر، ستەم لێچوانی ناڕازی و تیکۆشەرانی دژی هەڵاوردن و بێمافی و چەوساندنەوە و ئەدیب و هونەرمەندانی یاخی لە بێمافی و ستەم و بێت. بۆپێشەوە سەکۆیەکە کە دەتوانرێت لێیەوە هەم هاواری زولملێکراوان رابگەنێ و هەم رێگای ریکخراوبوون و رزگارییان بخاتە ڕوو. بۆپێشەوە دەنگی "نا" وتنە، بە هەلومەرجی باو، بەستەم و نابەرابەری چینایەتی و هەڵاواردنی قەومی و رەگەزی و جیاکاری نیوان ژن و پیاو و بیمافی منالان. دەنگی ئینسانی گەراو بەدوای ئازادی و یەکسانی و دەسەڵاتی بەرابەری ئینسانییە... سەکۆی راستبیژی و سازش هەڵنەگرە لەبەرامبەر بە کۆنەپەرستی و دواکەتووییدا. لەکوێ ستەم هەبێت، بۆپێشەوە لەوێیەو دژی ستەمە... وەرن بۆپێشەوە بەدەستەوە بگرن، بۆ بنووسن و بڵاوی بکەنەوە، رەخنەو سەرنجی خۆتانی پێ رابگەیەنن، لە پیشنیاراتی خۆتان بێبەشی مەکەن... کۆمەڵگەی کوردستان لێوان لێوە لە دەزگاو میدیا و رۆژنامەو گۆڤار و رادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و پەیجی هەمەرەنگی سۆشیال میدیا و دەیان هەزار قەڵەمی کرڕدراو و مۆڵەتپێدراو. لێوان لێوە لە دەنگی قەوم پەستی و پیاوسالاری و دواکەوتوویی و نۆکەرپیشەیی دژە ژن، لیوان لێوە لە دژایەتی مافی ئینسان و منال، لێوان لێوە لە دژایەتی سەرەتاییترین مافە فەردی مەدەنیەکان و ئەدەب و هونەری بەرگری لە ستەم و بێمافی و هەڵاواردن ئامێز، لەناو دڵی ئەو ئۆقیانووسە لە میدیای خزمەتکاری سەرمایەو حزبەکانی بەرگری لەم نیزامە، لەناو دڵی ئەو ئۆقیانووسە لە میدیا بۆ شاردنەوەی ستەم و نابەرابەری و بێمافیدا، بۆ بەلارێدابردنی خەبات و خولیاو هیوای ئازادیدا، لە ناو میدیای زۆر و بێ کۆتا بۆ بێئیرادەکردنی ئینساندا... بۆپێشەوە دەنگی رەسای رەتکردنەوەی ئەو هەموو جۆرە ستەم و بیمافی و چەوساندنەوەیەکە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا...

**بۆپێشەوە**

**١/٤/٢٠٢٣**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
سالار چەمەسەعید، کۆژیا ئاغا وەیس، عەبدوڵا مەحمود، خالید بایەزیدی، وریای ڕەسام،ئارام حەسەن، کاوان قادر، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، ئاراس ڕەشید، حەکیم میرزا، توانا حەمەنوری، عبدالرحمن ڕەسول، تاهیر حاجی حەسەن، دلێر محەمەد نوری...

لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...


## بەرزو بەرێزە یادی گیان بەختکردوانی بزوتنەوەی شورایی و سۆشیالیزم




کۆتایی مانگی مارس و سەرەتای مانگی ئازاری ١٩٩١، سوپای دڕندەی بەعس، هێرشی کردەوە سەر کوردستان بەمەبەستی دوبارە گێڕانەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانی خۆی، کە بووە هۆی ئاوارەیەکی ملیۆنی خەڵکی کوردستان. لە کاتی گەڕانەوەی سوپای بەعسدا، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و هێزی چەکدار و سەرانیان، لەگەڵ ئەوەدا خاوەنی چەکی باش و جبەخانەیەکی فراوان بوون کە پێشتر لە ڕاپەریندا دەستیان بەسەردا گرتبوو، ڕێگەی ڕاکردن و بەزینی پێش وەختەیان گرتە بەر، کە لەگەڵ خۆیدا بەناچار خەڵکی کوردستانیش ئاوارەی سەر سنورەکانی عیراق/ ئێران، عێراق/ تورکیا، عێراق/ سوریا کرد، ئەم ئاوارەییە بووە هەڵگری سەدان و هەزاران چیرۆکی دڵتەزێن. لە جەرگەی ئەو تراژیدیا ئینسانییەدا... ئەوەی لەو نێوەدا هەوڵیدا خەڵکی کوردستان لە دڕندەیی سوپای بەعس بپارێزیت و بەرگری لەخەڵکی کوردستان بکات، بزوتنەوەی شورایی و شوراکانی شارەکانی هەولێر و سلێمانی بوون... بەڵی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی سەرباری کەم ئەزموونی و نەبوونی پێداویستی سەربازی پێویست، بڕیاری بەرەنگاری و وەستانەوە بەرووی سوپای دڕندەی بەعسیاندا، بەداخەوە لەو بەرامبەرکێ نابەرابەردا ژمارەیەك لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی گیانیان بەختکرد... ئەمانەی سەرەوە پۆلێك لەو هاوڕێ گیان بەختکردوانەن...

**بەرزو بەڕێز بێت یادی گیان بەختکردوانی بزوتنەوەی شورایی...**

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند وریای ڕەسام



## دوا وتە

## بۆپێشەوە پێی نایە حەوتەمین ساڵی بەردەوام بوونی...

ئەمڕۆ ١/٤/٢٠٢٣ بۆپێشەوە پێ دەنێتە حەوتەمین ساڵی تەمەنیەوە. کاتێک کە دەستمان برد بۆ دەرکردنی بۆپێشەوە وەکو بڵاوکراوەیەکی چەپ و کۆمۆنیستی و ئازادیخوازنە، زۆر کەس و تەنانەت بەشێک لەهاوڕییان و دۆستانی نزیکی خۆشمان لایان وابوو، دەستبردن بۆ پرۆژەیەکی ئاوا سەختە، بەتایبەتی گومانیان لەوە هەبوو بۆپێشەوە بتوانێت لەکاتی خۆیدا دەربچێت و درێژ مەودا بەردەوام بێت و بەرەوپێشەوە هەنگاو بنێت... بەڵام خۆشبەختانە بەهەوڵ و ماندووبوونی ژمارەیەکی کەمی هاوڕێی خۆبەخش و ماندوونەناس، بەڵام پڕ هیوا و خاوەنی بڕیار و دیدی ئامانجدرانە و درک کردنی گرنگی بڵاوکراوەیەکی ئاوا، توانرا بۆپێشەوە نەک لەکاتی خۆیدا دەربچێت و ساڵەکان پشت سەر بنێت، بەڵکو بەکردەوە بووە ئەو دەنگ و مینبەر و سەکۆ جیاوازەی ئەگەر هەرکەسێک بەخێرایی سەیری ژمارەیەک یان چەند ژمارەیەکی بۆپێشەوە بکات، یان سەردانێکی ماڵپەرەکەی بکات، لەیەکەم نیگادا بڵاوکراوەیەک، دیدێک، میدیایەک، سایتێک... دەبینێت، کە نەک لەهیچ سایت و ڕۆژنامەو گۆڤار و میدیا و ماڵپەڕێکی تر ناچێت، بەڵکو تەواو جیاواز و تەنانەت پێچەوانەیانە.

بۆپێشەوە ڕۆژنامەو بڵاوکراوە و ماڵپەریکی بی ئاسۆ و بێ ئامانج نییە، بێ هێڵ و دیدگای تایبەت نییە، وێڵ و بی خەت نییە، بەڵکو ئاسۆدار و خاوەن هێڵ و خەتێکی دیاریکرا و ئامانجدارانەیە... کەس ئاراستەی ناکات، بەڵکو ئاراستە کارە. ئەگەر زوربەی هەرەزۆری میدیا و ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوە و سایتەکان تا دەگاتە پەیجەکانی ناو سۆشیال میدیا، بە حزبی و نا حزبیەوە، بە سیبەر و ناسیبەرەوە، خەریکن بەرگری لەدەسەڵات و حزبەکان دەکەن، یان ڕەخنەگرێکی شل و شێواو و روکەشن، پاشکۆی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی بودەڵەی چاو لەدەستی دەسەڵاتن، یان زوربەی هەرەزۆریان بەشیکن لە سیستەمی سیاسی گەندەڵ و بەرهەمی ئەو گەندەڵی و تالانیەن کە لەکوردستان هەیە، ئەوا بۆپێشەوە چ بە بڵاوکراوەکەی و چ بەسایت و پەیجی ناو سۆشیال میدیایەوە، ڕەخنەگری هەلومەرجی باوە، ڕەخنەگری سیستەم سیاسی زاڵە، ڕەخنەگری حزب و لایەنەکانی پارێزەری دەسەڵاتە، زمانحاڵی خەبات بۆ ژێرەوژورکردنی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرمایەو سەرمایەدارییە، بڵنگۆی ڕەخنەی کرێکاری هوشیارە بەدژی نەزم و نیزامی زاڵمانە و چەوسێنەرانە و هەڵاواردن ئامیزی ئێستایە... ئەگەر بەشی هەرەزۆری نووسەر ومیدیا و سایت و ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، خەریکن ڕەخنە لەدەسەڵات دەگرن، بۆ بەرگری لەکوردایەتی، ئەوا بۆپێشەوە جێگای حزبەکان وەکو دەرهاوێشتەی بزوتنەوەی کوردایەتی دەخاتە ڕوو... وە کوردایەتی وەکو بزوتنەوەیەکی بۆرژوازی ناکۆک بە زاتی ئینسان و ئازادی دەناسێنێ و ڕەخنەی دەکات.. بۆپێشەوە زمان حاڵی ئەو ئینسانانەیە کە ئاسۆیەکی

بۆ لاپەڕە 16